پرۆسیدینگی دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی

# شوێنەوار و کەلەپوری هەولێر - اربیل

٨ - ٩/ ئایار / ٢٠١٨ هەولێر

بەشی شوێنەواری کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
بە هەماهەنگی پارێزگای هەولێر



پرۆسیدینگی دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی
شوێنەوار و کەلەپوری هەولێر – اربیل
٨ - ٩/ ئایار / ٢٠١٨ هەولێر

## ئامادەکردنی

پ. ی. د. زیدان رشید برادۆستی
سەرۆکی کۆنفرانس

د. دلشاد عزیز زاموا
سکرتێری کۆنفرانس

## بەشی کوردی


| توێژینەوە | توێژەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ڕووپێوی شوێنەواری لە ناوچەی برادۆست<br>توێژینەوەیەکی مەیدانی یە | زێدان ڕەشید برادۆستی | 31 – 10 |
| تایبەتمەندییەکانی قۆناغی گواستنەوە لە چاخی بەردینی کۆنەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست: پەرەسەندنە فەرهەنگییەکانی مرۆڤی شانەدەر | مەبەست عەلی محەمەد ئەمین | 55 - 32 |
| هونەری سەر تاشەبەرد وەك سەرەتایەك بۆ نووسینی وێنەیی<br>(لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە) | ئاری خەلیل کامل | 73 - 56 |
| دەرکەوتنی گڵێنەی شارستانیەتیعوبێدلەپارێزگایهەولێرودەوروبەری | جەزا شۆڕش حەمە شەریف | 89 - 74 |
| شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی شاری هەولێر لەماوەی (2334-1595پ.ز) | عەزیز زێباری<br>ئارام هەمەوەندی | 120 - 90 |
| ڕۆڵی ژنان لە شارستانییەت و مێژوویکۆنی ناوچەی هەولێردا<br>لە دەقە کۆنەکاندا (سەدەی 8 تا کۆتایی سەدەی 1 پ.ز.). | ڕێزان قادر عەبدوڵلا غەفوری | 126 - 121 |
| شوێنەوارەکانی هەریر-ڕواندز-برادۆست<br>لە تۆماری گەڕیدەکانی سەدەکانی 11-19ز. دا<br>"توێژینەوەیەکی مەیدانی و شیکارییە" | محەمەد ئەحمەد گەلاڵەیی<br>دڵشاد عەزیز مارف زاموا | 159 – 127 |
| بەکارهێنانی زەخرەفەی نووسین لەسەر بینا لەناو شاری هەولێردا<br>بەپشت بەستن بەوەرگرتنی چەند نموونەیەك. | ئاوات خضر ئیبراهیم | 171 – 160 |
| دەرهاویشتەی کار و چالاکییە مرۆییەکان لەسەر<br>شوێنەوار،پارێزگایهەولێربەنمونە | عوسمان تۆفیق فەتاح | 196 – 172 |

# بەشی عەرەبی



| توێژینەوە | توێژەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ئەنجامی هەڵکۆڵینی و رووپێوی شوێنەواری لە قەڵای هەولێر | عەبدوڵڵا خورشید قادر<br>سەنگەر محەمەد عەبدوڵڵا<br>سابر حەسەن حسێن | 204- 229 |
| دەرکەوتە شارستانیەتەکانی ناوچەی هەولێر لە ماوەی سەردەمی بەردینی ئاسنی (کالکولیتی) لە ژێر رۆشنایی هەلکۆلینی شوێنەواری (گردی قالینج ئاغا) | نەعمان جومعە ئیبراهیم | 230 – 242 |
| کارە بیناسازییەکانی ئاوەدانکردنەوە لەلایەن پاشایانی ئاشوری بنەماڵەی سارگۆنی لە شاری هەولێر (722-612پ.ز.) لەژێر رۆشنایی نووسینە مێخییە بلاّوکراوەکاندا | عەلی تالیب مونعیم | 243- 255 |
| فالگرەوەکان لە پەرستگای عەشتار لە شاری هەولێر | فەیحا مەولود عەلی<br>مونزیر عەلی عەبدولمالیك | 256- 263 |
| توێژینەوەیەکی شیکاری دەربارەی درواى مسی وێنەدار کە لە شاری هەولێر لێدراوە | خەڵەف فارس تەراونە | 264 – 272 |
| جوانی قورئانە دەستنووسە رووپۆشکراوەکان بە زێر لە شاری هەولێر | سامیرە فەتلاوی | 273- 291 |

## بەشی ئینگلیزی



| لاپەڕە | توێژەر | توێژینەوە |
|---|---|---|
| 332 -300 | عەبدوڵلا بەکر عوسمان | گلێنەی سەردەمی ئاشوری نوێ لە گردی کلك مشك |
| 347-333 | ئەننا میکویل، زێدان برادۆستی و ئەوانی تر | پرۆژەیەکی نوێ ی شوێنەواری : گردی لەشکری (هەولێر) : زانیاری سەرەتایی دەربارەی سەردەمی نەینەوا 5: کنەوپشکنینەکانی 2016 و 2017 |
| 368 -348 | ماریا گراسیا و ماسیتی روول ئۆلیڤییە رۆواڵت عومەر مەحمود | چینەکانی چاخی برۆنزی کۆتایی و چاخی ئاسنی یەکەم و دووەم لە شوێنەواری قەسر شەمامۆك |
| 392 - 369 | گلین م. شوارتز | کورد قەبرستان، شوێنێکی شارستان لە دەشتی هەولێر لە هەزارەی دووەمی پ.ز.دا: کنەوپشکنینەکانی ساڵی2017 |
| 419 - 393 | جۆن مەکگینیز | ئیمپراتۆرییەتەکان لە ململانێدا: توێژینەوەیەکی نوێ لە سنورەکانی ئەدیابینەوە |
| 468 - 420 | تۆبیاس هێلمس تیم کێریگ | کاری کنەوپشکنینی رزگارکردن لە جافرەکانی کۆن (قەزای سۆران، کوردستان) |
| 481 - 469 | دلشاد عەزیز مارف زاموا | جێژن و فێستیڤاڵە ئاینی و دنیاییەکان لە ناوچەی نێوان هەردوو رووباری زێ و دەورەبەری لە ژێر رۆشنایی تۆمارە مێخییەکاندا |
| 492 - 482 | ئەردەڵان خۆشناو | وڵاتی سیمێرە |
| 506 -493 | رەبیا ماتتیلا مارتتی نیسسینێن | پەرستگەی عەشتاری ئەربێلا |

# لێژنەی زانستی کۆنفرانس

| | | |
|---|---|---|
| 1. | پ.ی.د. نەعمان جومعە ئیبراهیم | سەرۆك لێژنە |
| 2. | پ.ی.د. زێدان رشید برادۆستی | ئەندام |
| 3. | پ.د.میکوێلمۆلیست | ئەندام |
| 4. | پ.د. بالاش ماجۆر | ئەندام |
| 5. | پ.ی.د. ئەننا گۆمێز | ئەندام |
| 6. | پ.ی.د. عەبدوڵڵا خورشید قادر | ئەندام |
| 7. | د. عەزیز محەمەد ئەمین زێباری | ئەندام |
| 8. | د. ئاراس ئیسماعیل خضر | ئەندام |
| 9. | د. ئاری خلیل کامل | ئەندام |
| 10. | د.دڵشاد عەزیز زاموا | ئەندام |

# لێژنەی ڕاپەڕاندنی کارەکانی کۆنفرانس

| | | |
|---|---|---|
| 1. | د.عەزیز محەمەد ئەمین زێباری | سەرۆك لێژنە |
| 2. | م. ئارام جەلال حسن | ئەندام |
| 3. | م.ی. مەهدی جەلال مستەفا | ئەندام |
| 4. | م.ی. یادگار محەمەد سەلیم | ئەندام |
| 5. | م.ی. موحەمەد قادر ئیسماعیل | ئەندام |
| 6. | م.ی. هاوکار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | ئەندام |
| 7. | م.ی. کاروان سەدیق بەکر | ئەندام |
| 8. | سارا ئەولفەتاح مەحمود | ئەندام |
| 9. | نەریمان خانە رەحیم | ئەندام |
| 10. | هێمن سەلاحەدین | ئەندام |
| 11. | روپاك عەبدوڵڵا ئیسماعیل | ئەندام |
| 12. | مەعسومە عومەر | ئەندا |

# پێشەكی

## بە ناوی خودای گەورە و دلۆڤان

شـاری هـەولێر بەشـێكی گرنگـی لانكـەی شارسـتانییەتی میسـۆپۆتامیا و زاگـرۆس پێـك دەهێنێـت. لـە ئەشـكەوتەكانی سـنوری پارێزگـای هـەولێرەوە دەیـان هـەزار سـاڵ لەمەوبـەر گرنگـی ژیـان و شارسـتانییەت لـەم ناوچەیە سەریهەڵدا. شاری ئوربیلیوم زیاتر لە چوار هەزار ساڵ ناوی لە تۆمارە مێخییەكاندا وەك شارێكی گرنگی ناوچەكە تۆماركراوە. لە سنوری ئەم پارێزگایە دەیان شـار و شارۆچـكە لـە نووسـینە مێخـی و ئـارامی و یۆنـانی و ئیسلامییەكاندا هاتووە كە بەڵگەی بەردەوامی مێژووی شارستانییەت بوون لەم ناوچەیەدا.

لەم كۆنفرانسەدا شوێنەوار و كەلەپور وەك دوو جۆر لە بەڵگەی مادی بـۆ نووسـینەوەی مێـژووی شارسـتانییەتی هەولێر و دەوروبەری لەلایەن توێژەرانی بەشداربووەوە، توێژینەوەی وردیان لەبارەوە كراوە. قەلاٚ و شـورە و پـرد و كـارێز و شـوێنەواری كـۆن و بیناسـازی كەلـەپوری كـە بەشـێكی زۆریـان لـە توێژینـەوەكانی ئـەم كۆنفرانسـەدا لەلایەن توێژەرانی بەشداربووەوە گفتوگۆی زانستی وردیان لەبارەوە كراوە.

لەم سۆنگەیەوە ئەم كۆنفرانسە وەك بەشـێك لـەو زنجیرە كاروچالاكییە ئەكادیمیانـەی كـە بەشـی شـوێنەوار لـە كۆلێژی ئەدەبیاتی زانكۆی سەلاٚحەدین ئەم كۆنفراسەی ئـەنجام دەدات. لـە دە سـاڵەی رابـردوودا بەشـی شـوێنەوار چـەندین سـیمینار و توێژینـەوە و ووركشـۆپ و كۆنفرانسـی نـاوخۆیی و نێودەوڵـەتی دەربـارەی شـوێنەوار و كەلەپوری هەولێر و كوردستان ئەنجامداوە.

ئەم كۆنفرانسە وەك دووەمین كۆنفرانسی نێودەوڵەتی دەربارەی شوێنەوار و كەلـەپوری هـەولێر، لـەدوای یەكـەم كۆنفرانسی نێودەوڵەتی بە ناونیشانی (هەولێری كۆن مێژووی هەولێر بەر لە ئیسلام) دێـت كـە لـە سـاڵی 2014 بەشی شوێنەواری زانكۆی سەلاٚحەدین بە هاوبەشی لەگەڵ هەریەك لە پەیمانگای (IFPO) فەرەنسی و (FINE)ی فێنلەندی ئەنجامیان دا. وا ئێستا دووەمـین كۆنفرانسـی زانسـتی نێودەوڵـەتی ئـەنجام دەدەیـن لـە ژێـر ناونیشـانی (شوێنەوار و كەلەپوری هەولێر - أربيل) بە هەماهەنگی و هاوكاری پارێزگای هەولێر.

هەرچەندە وا بڕیاربوو ئـەم كۆنفرانسـە لـە بـەرواری (24- 2017/10/25)دا ئـەنجام بـدرێت، بـەلاٚم بەداخـەوە لەبـەر ئـەو بارەنـەخوازراوەی رووبـەرووی كوردسـتان بـووەوە و لـە ئەنجامـدا فرۆكەخانـەكانی كوردسـتان داخـران لەبـەر ئـەوە بەناچـاری كۆنفرانسـەكە دواخـرا، بـە خۆشـحاڵییەوە دوای زیـاتر لـە حـەوت مـانگ دوا كـەوتن، لـە بەرواری (8-2018/5/9) ئەم كۆنفرانسە ئەنجام دەدەین.

بێگومان ئەم کۆنفرانسە بە هەوڵ و ماندووبوونی زیاتر لە ساڵێکی لێژنـەی زانسـتی کۆنفرانس گەیشـتە ئـەنجام. (65) توێژینەوە لە بوارە جیاجیاکانی زانستی شوێنەوار و کەلەپور بۆ لیژنەی زانستی کـۆنفڕانس نێـردرا. بـەڵام لـە لایـەن لیژنـەی زانسـتییەوە تـەنها (24) توێژینـەوە ڕەزامەنـدی بڵاوکردنـەوەی پێـدراوە، (43) توێژینـەوەش ڕەزامەنـدی پێشکەشـکردنی بەشـێوەی سـیمینار پێـدرا، و چـەندین توێژینـەوەش لەلایـەن لیژنـەی زانسـتییەوە ڕەتکرانەوە. لەم کۆنفرانسەدا زیـاتر لـە (35) زانکـۆو پەیمانگـە لـە ( 16 ) لـە وڵاتـی جیـاوازی جیهانـەوە تێیـدا بەشدارن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی زانکۆی سـەڵاحەدین بـە تایبـەتی بـەڕێز سـەرۆکی زانکـۆ و پارێزگای هەولێر بەڕێزان ( پارێزگار و جێگری پارێزگا) بکەین بۆ هاوکاری و هەماهەنگییان و سوپاسی بێ پایـان بۆ لێژنە زانستی و لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس بکـەین بـۆ ئـەو هـەوڵ و ماندووبونـەی کـە لـە مـاوەی سـاڵێکدا ئەنجامیاندا.

بـە نـاوی کـۆنفرانس سوپاسـی سـەرجەم توێـژەران دەکـەین کـە لـە دەرەوەی عێـراق و کوردسـتاندا لـە گـەڵان بەشداربوون و هاوکاربوون لە دەوڵەمەندکردن و سەرخستنی کۆنفرانسەکەدا.

لە کۆتاییدا هیواخوازین توانیبێتمان خزمەتێکمان بـە ڕەوتـی زانسـتی توێژینـەوە لـەبارەی شـوێنەوار و مێـژوو و کەلەپوری هەولێر کردبێت. وبەڵێن دەدەین کە لە داهاتوو دا بەردەوام دەبین لەسەر ئەنجامدانی کاری هاوشـێوە و زانستی زیاتر.

سەرۆکی کۆنفرانس

پ.ی.د. زێدان برادۆستی

**شوێنەوارەکانی هەریر-ڕواندز-برادۆست**

**لە تۆماری گەڕیدەکانی سەدەکانی 11-19ز. دا**

**"توێژینەوەیەکی مەیدانی و شیکارییە"**

**م. محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم گەلاڵەیی** **د. دڵشاد عەزیز مارف زاموا**

**بەشی مێژوو-زانکۆی سۆران** **بەشی شوێنەوار-زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر**

mohammed.ibrahim@soran.edu.iq dlshad.marf@su.edu.krd

**پوختە**

هەڵکەوتەی جوگرافی و ستراتیجی ناوچەی هەریر-ڕواندز-برادۆست لە نێوان سێگۆشەی نەینەوا-هەولێر-ئازەربایجاندا گرنگییەکی بازرگانی و سیاسی و سەربازی زۆری پێ بەخشیبوو کە کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر شارستانییەت و شوێنەوارەکانی بەدرێژایی سەردەمە مێژووییەکان. ئەم هەڵکەوتە جوگرافی و ستراتیجییە، ئەم سێ ناوچەیەی کردبووە وێستگەی یەك لەدوای یەکی گشت ئەو گەشتانەی کە لە موصل (نەینەوا) و ئەربیل (هەولێر) و مەراغە و ورمێ و ئازەربایجان بەرێدەکەوتن یان بە پێچەوانەوە لەوێوە دەهاتن. جا ئەو گەشتانە کاروانی بازرگانی بووبن، یان لەشکرکێشی و کۆچ و کۆچڕەوی. دەربەندەکانی نێوان شاخە سەختەکان تاکە ڕێگەی بەیەکەوە بەستنەوەی ئەم ناوچانەبوون.

هەرچەندە باسکردنی نۆ سەدە و سێ ناوچە لە ڕواڵەتدا توێژینەوەیەکی فراوان نیشاندەدات بەڵام تۆمارەکان زۆر بەکەمی باس لە شار و شوێنەوارەکۆنەکان دەکەن. لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر شارەکۆنەکان، قەلاَکان، پردەکان، و میلە بەردینەکان کە لەم تۆمارانەدا باسکراون. هەوڵدەدەین شوێنەوار و هەڵکەوتەی جوگرافییان ساغ بکەینەوە. تۆماری گەڕیدە موسوڵمان و جوولەکانی سەردەمی عەباسی و سەدەکانی ناوەڕاست و گەڕیدە ڕۆژئاواییەکانی دواتر باس لە چەندین لایەنی کۆمەلاَیەتی و ئابوری و شارستانی و ئاینی و شوێنەوارە کۆنەکان دەکەن. ئێمە لێرەدا تەنها تیشك دەخەینە سەر شوێنەوارەکان.

**Archaeology of Harir, Rwanduz and Bradost districts in the records of the travellers of the 11th -19th centuries (analytic and field research)**

**Mohammad Meer Hameed** **Dr. DLshad A. Marf Zamua**

**History Dept. Soran Univ.** **Archaeology Dept. Salahaddin Univ.-Erbil**

**Abstract**

Many travellers during the Abbasid Caliphate, medieval and Ottoman periods travelled from Mousl or Erbil through the mountainous areas east of Erbil to

reach the areas around Urmia Lake, especially to Azarbaijan, Urmia and Maragha. Few others came back from Urmia basin toward Erbil and Mousl. These travellers recorded their notes about material and immaterial culture of these districts.

This paper deals with the architecture of these discristcts in the light of the traveller's records. The authours tried to collect almost all the avaialable records of the travellers of the 11th-19th centures who travlled through this area. In addition, the authors added their commentary about each quotation, and they categorized the mentioned architectural details into cities, towns, castles, watchtowers, bridges, churches, and city plans. In some occations even the travellers reffered to weapons of the 19th century in this area, especially cannons and daggers.

The mentioned cities and towns are Shaqlabad (modern Shaqlawa), Dasht (modern Berazan), Soran/Ruwanduz (modern Ruwanduz) citadel, Tell Hafun/Huftian (Debora in Haudian), etc. Many villages mentioned in these records such as Babajikjik, Khalifan, Balkian, Uqbat-ul-Han, Dargala, Rayat, and Haji Omaran. The Darband-ul-Kabir bridge was one of the biggest bridges on the Upper Zab river or one of its estern tributaries (50m x25m x 1m). Kawlokan Bridge, the Old Bridge on the Rwanduz pass, Omarava/Omarawa Bridge in Haji Omaran, Chamarakin/Jomarkhin Bridge, Khalifan Bridge. Besides several citadels and castels mentioned in these records as Rwanduz citadel, Haftun/Hiptun citadel, Ech Qala, Rayat castle, Dargala castle, Shkana/Sidakan castle, Rom (Rome) Castle, Kalakin and Julamerg castles, castles in the Gomaspan pass, Shama Qungra (watchtower).

Interstingly one of these medieval records refer to the Urartian Iron Age stelae of Topzawa, Keleshin, Merge Karwan which are bear bilingual Urartian-Assyrian records in cuneiform script.

This paper is an attitude to collect all the available records of the travellers related to the architecture and heritage of these districts under this research. These records are important sources for understanding the archaeology of Islamic, Medieval, Ottoman, Soran Princedome, and late antiquieties' architecture and heritage of these districs.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە** تیشك خستنەسەر ئەو ناوچە شوێنەوارییانەیە کە لە تۆماری هەندێك لە گەڕیدەکاندا هاتووە، ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت مێژوو و شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافی ئەو شوێنەوارانە دیاری بکات و، دەریبخات ئەو شوێنەوارانەی لەو تۆمارانەدا هاتوون تا چ رادەیەك وەك خۆیان ماونەتەوە، و ئەگەر ئێستا

شوێنەوارەکەیان بە نەزاندراوی ماوەتەوە چۆن بتوانین شوێنەوارەکەیان دیاری بکەین و بیاندۆزرێنەوە. تا بتوانین بەشێك لە مێژوو و شارستانییەتی ناوچەکە لە رێگەی ساغکردنەوەی ئەم شوێنەوارنەوە دەربخەین.

**پێشەکی**

ژمارەی ئەو گەڕیدانەی کە بەناوچەی هەریر-رواندز-برادۆست (سیدەکان) و دەوروبەریدا تێپەڕیون کەمنین، هەندێکیان باسیان لە شوێنەوار و شارە کۆنەکان و میلە بەردینەکان کردووە، بەلاّم هەندێکیان هەر هەمان زانیارییەکانی پێشوتری گەڕیدەکانی پێش خۆیان دووبارە کردووەتەوە. لەم توێژینەوەیەدا چەند شوێنەوارێکی وەك شار، شارەقەلاّ، قەلاّ، پرد، میلی بەردینەکان باس دەکەین.

**1.شارە کۆنەکان و شوێنەوارەکانیان**

لە ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر ژمارەیەك شاری کۆن هەبوون، وەك شەقلاّوە، دەشت (لە دەشتی هەریر)، حیبتون(خوفتیان)، شوێنەوارەکانی مجێسەر-سیدەکان-تۆپزاوە (پاشماوەکانی شاری موصاصیر/ئەردینی)، کە هەریەکێکیان لە تۆماری جوگرافیاناس و مێژوونووسەکانی سەردەمی عەباسی و سەدەکانی ناوەڕاستدا تۆمارکراون.

**1.1.شەقلاّوە**

شارۆچکەی شەقلاّوە لە تۆماری جوگرافیاناس و مێژوونووسە موسوڵمانەکانی سەردەمی عەباسی و سەدەکانی ناوەڕاستدا ناوی بە شێوەی (شەعلاباد) یان (شەقلاباژ) هاتووە، بێگومان ناوەکەی هەروەك ئێستە شەقلاّوە بووە. بەلاّم هەر یەکێك لە نووسەرەکانی ئەو سەردەمە بە عەرەبی بە شێوەی زاراوە و زمانی خۆیان تۆماریانکردووە.هەروەها یاقوتی حەمەوی(1179-1229ز.) ناوی شەقلاّوەی بە شێوەی شەقلاباژ نووسیوە و دەڵێت:

***"ئاوەدانییەکی گەورە و جوانە، لە لێژایی شاخێکدایە، شاخەکە (مەبەستی لە شاخی سەفینە) بەسەر ئەربیل دا دەڕوانێت. ترێی زۆرە و باخ و بێستانی زەوەندە، ترێیەکەی بە درێژایی ساڵ بۆ ئەربیل دەنێردرێت و بەشی هەولێر دەکات. لە نێوان شەقلاّباژ و ئەربیل هەشت فرسەخ(پارسەنگ)ە."*** (الحموی 1977، ج3: 355).

مێژوونووس و ئینسکلۆپیدیانووس قەلقەشەندی (1355-1418ز.) لە ئینسایکلۆپیدیاکەی (صبح الأعشا في صناعە الإنشا)دا باس لە ولاّتی کوردان دەکات و، دابەشیکردووە بە بیست هەرێمەوە، یەکێك لەو هەرێمانە هەرێمی سیازدەیەمە کە بەم شێوەیە باسی سنورە جوگرافییەکەی دەکات:

***"ناوچەکانی شەعلاباد بۆ خوفتیان و ئەو شوێنانەی لە نێوانیاندایە لە دەشت (الدشت واتە شارۆچکەی دەشتی هەریر) و دەربەندە گەورەکە (الدربند الکبیر)"*** . (القلقشندی، 1919، ج.4 : 375).

مەبەست لە شەعلاباد هەر شەقلاّوەی ئێستایە و لەوانەیە لەبەر ئەوە بەم شێوەیە ناوی شەقلاّوەی نووسیبێت، چونکە بە دیالێکتی عەرەبی میصری پیتی ع بە شێوەی راستی خۆی گۆناکرێت، چونکە قەلقەشەندی خۆی میصری بوو لەبەر ئەوە بە شەقلاّوەی وتووە شەعلاباد. شوێنەواری شەقلاّوە دەبێت هەر لە هەمان شوێنی

شەقڵاوەی ئێستابووبێت بەتایبەت لە ژێر گەڕەکە کۆنەکانی شەقڵاوە (Marf 2015:133-134). (دەڕواندرێتە وێنەی 1).

## 1.2. شاری دەشت (الدشت):

دەشت، دەبێت شارۆچکەیەك بووبێت لە هەمان (دەشتی هەریر)ی ئێستا، ئەم شارە لە لایەن یاقوتی حەمەوی و قەلقەشەندییەوە ناوی هاتووە (القلقشندی، 1919، ج.4،:375) و لە تۆماری هەردوکیاندا راستەوخۆ دوای شەقڵاوە ناوی هاتووە کە ئەمەش گومان ناهێڵێت کە شارەکە لە دەشتی هەریر بووە. یاقوتی حەمەوی لە وەسفی شاری دەشت دا دەڵێت:

"***دەشت (الدشت) شارۆچکەیەکە لە شاخەکانی نێوان ئەربیل و تەبرێزدا. ئەم شارۆچکەیەم بە ئاوەدانی بینیوە، زۆر جوان دروستکراوە، شارۆچکەیەکی پڕ بەرهەمە، خەڵکەکەی هەموویان کوردن***"(الحموی 1977، ج.2: 456).

دەربارەی شوێنەواری شارۆچکەی دەشت، تا ئێستا باس لە شوێنەوارەکەی نەکراوە، ئایا شوێنەواری شارۆچکەی دەشت لەژێر شارۆچکەی هەریری ئێستادایە؟ یان لەناوەڕاستی دەشتی هەریر؟ وەك دەزانین لە ناوەڕاستی شارۆچکەی هەریری کۆن بە تایبەت لە نزیك بازاڕ و کارێزەکانی هەریر هەندێك پاشماوەی بیناسازی و کارێز هەن هەرچەندە تا ئێستا بەڵگەی گونجاو لەبەردەستدا نییە دەربارەی سەردەمەکەی و خەڵکی هەریر بە پاشماوەی بیناسازی خانزاد و میرانی سۆرانی دادەنێن. بەڵام لە ناوەڕاستی دەشتی هەریر شوێنەواری شارێکی کۆن هەیە لە نزیك گوندی بەرازان. ئەم شوێنەوارە، شوێنەواری شارێکی سەردەمی ئیسلامە، شوێنەواری ئەم شارە بە بەرزاییەکەوەیە دەکەوێتە رۆژئاوای گوندی بەرازان کە رووبارێکی بچووك لێکیان جیادەکاتەوە، شوێنەواری بناغەی خانوو و بینای فەرمی وەك کۆشك و شوێنی تر بەئاشکرا دیارن، هەروەها چەندین رەگەزی بیناسازی لە بەردە لمینە سروشتییەکانی رووی ئەو بەرزاییە هەڵکەندراون وەك بەردی گۆیی گەورە و پلیکانەی بەردین و بنە دینکە/بنکی ستوون. یەکێك لەو بەڵگە شوێنەوارییە گرنگانەی دەربارەی بوونی شارێکی ئاوەدان لە بەرازان دەبیندرێت گۆڕستانێکی زۆر گەورە و فراوانی کۆنە کە بە سەدان مردوی تێدا نێژراوە. لە نێوانیاندا گۆڕی چەند میرێکی نەناسراو دەبیندرێن کە لەسەر گۆڕەکانیان کێلی بەردینی زۆر گەورە هەن، کێلەکان خۆیان لە شێوەی خەنجەری زۆر گەورەدا هەڵکەندراون و لەسەر رووەکەشیان نەحتی بارزی خەنجەر هەڵکەندراوە. لەبەر ئەوە پێدەچێت ئەم شوێنەوارە پاشماوەی شارۆچکەیەکی گرنك بووبێت و، لە ئێستادا بەپێی ئەو بەڵگە سەرەتاییانەی لەبەردەستدان لەوانەیە شوێنەواری بەرازان پاشماوەی (شارۆچکەی دەشت)بێت کە لەلایەن یاقوتی حەمەوییەوە تۆمارکراوە. بەڵام بۆ دیاریکردنی شوێنەواری شاری دەشت و ساغکردنەوەی شوێنەواری بەرازان کار و پشکنینی زیاتر پێویستە. (بۆ زانیاری زیاتر دەبارەی ئەم شوێنەوارە دەڕواندرێتە: سلێمان و مارف، "شوێنەوارەکانی گوندی بەرازان، توێژینەوەی مەیدانی" بلاّونەکراوەیە).(دەڕواندرێتە وێنەی 2).





ب.                                              أ.



ج.

***وێنەی ژمارە 2.أ-ج. شوێنەوارەکانی بەرازان، کێلی شێوە خەنجەری گەورە، پاشماوەی بیناسازی لەبەردی قەبارە جیاواز.(فۆتۆ: دڵشاد مارف).***

**جێی ئاماژەیە کە ناوچەی هەریر لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە هەتا کۆتایی سەردەمی ئاشوورییەکان بە وڵاتی کیرووری ناسرابوو، پێدەچێت ناوی هەریر و دەربەندی کۆڕێ هەر لەم ناوی وڵاتی کیرروری و دەربەندی کیرووررییەوە هاتبێت، کە قەلقەشەندی بە دەربەندی کۆڕێی وتووە دەربەندی قەرایرییەکان. (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کیرروری دەڕواندرێتە:**

**مارف** 2005**؛ مارف** 2009**؛** 676-679 **. هەروەها:**(Saggs 1980: 79-83).

## 1.3. شاری خیپتون/تەل هەفتون:

**ناوی ئەم شارە لە نووسینە مێخییەکانی سەدەی** 9 **و سەدەی** 8**ی پ.ز.دا بە شێوەی (خیپتونا/خیپتونو) تۆمارکراوە، دوای دوو هەزارساڵ ئەم شارە هەر بە ئاوەدانی ماوەتەوە، لە تۆماری جوگرافیاناس و**

مێژوونووسەکانی سەردەمی عەباسی و سەدەکانی ناوەڕاستدا ناوی ئەم شارە بە چەند شێوەیەك تۆمارکراوە وەك شێوەکانی: تەل هەفتون، تەل حەفتون، خوفتیگیان، خوفتیان و، حیبتون.

بۆ یەکەمجار شاری خیپتون لە نووسینە مێخییە ئاشورییەکاندا لە لایەن سارگۆنی دووەم لە پایزی ساڵی 714پ.ز. دا ناوی هاتووە، سارگۆن دوای ئەوەی شاری (موصاصیر)ی تالآنکرد بە دەربەندی شاخی (ئەنندەروتتو)دا بەرەو شاری (خیپتونا) ڕۆیشتووە و لەوێوە بەرەو وڵاتی ئاشور گەڕاوەتەوە، سارگۆن دەڵێت:

***"لەدەربەندی شاخی (ئەنندەروتتا)وە هاتمەدەرێ، شاخێکی بەرز و سەختە بەسەر شاری خیبتونا دا دەڕوانێت، و لەوێوە بە سەلامەتی بۆ وڵاتی خۆم گەڕامەوە."*** (TCL III:425).

هەروەها کۆنترین تۆماری گەشتکردنیش کە باس لەم شارە بکات، تۆماری گەشتێکی پاشای موصاصیر (پاشا ئورزانا)یە، ئورزانا لە گەشتەکەیدا لە شاری موصاصیر/شاری ئەردینی (ناوچەی مجێسەر-سیدەکان)ەوە دەچێت بۆ شاری ئەربائیل (قەڵاتی هەولێر)، بەڵام دوو هەفتەی پێدەچێت، کە ئەمە ماوەیەکی زۆرە و تەنها بە دوو ڕۆژ یان کەمتر، سوارە دەتوانێت لەو ناوچەیەوە بگاتە هەولێر. لەو گەشتەدا ئورزانا لە چەند شارێك دەمێنێتەوە، یەکێك لەو شارانە شاری (خیپتونا)بوو، ئورزانا لە ڕۆژی یازدەیەمی گەشتەکەیدا دەگاتە شاری خیپتونا. لە ڕۆژی دوازدەیەمدا دەگاتە شاری موشی، لە ڕۆژی سیازدەیەم دەچێتە شاری ئیسسیتێ، و لە کۆتا ڕۆژی گەشتەکەیدادەگاتە شاری ئەربائیل. (بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە: مارف 2017: 96-113. ;: SAA 5, no.136; Marf 2015:128; Lanfranchi 1995:130).

بێگومان ئەم گەشتەی یەکێکە لە تۆمارە گرنگەکان بۆ زانینی ناو و ریزبەندی ئەو شارانەی کە دەکەوتنە نێوان شاری موصاصیر و شاری ئەربائیل. هەرچەندە دەبێت ئەوەش باسبکەین کە ئورزانا بە تەنیا نەبوو، بەڵکو وەك پاشایەك دەستوپێوەند و پیاوماقوڵان و مەڕو ماڵات و دیاری لەگەڵ بوو و بۆ ئەوە دەچووە ئەربائیل تا دیاری و باج و سەرانە بدات بە سارگۆنی ئاشوری، هەروەها لە هەر یەکێك لەو شارانەدا لەوانەیە لەلایەن میری شارەوە داوەتکرابێت و بەو شێوەیە گەشتەکەی ئەو ماوە زۆرەی خایاندووە (مارف 2017: 96-113).

بۆ زانینی وردەکاری ئەم گەشتەی ئورزانا و تێپەڕبوونی سارگۆن بەم شارەدا، دەبێت بزانین توێژەران شوێنی ئەو شار و شاخانەیان چۆن دیاریکردووە. شوێنەواری شاری موصاصیر دەکەوێتە گوندی مجێسەر لە ناوچەی برادۆست (Boehmer 1973; Boehmer 1973-1997; Marf 2014). شاخی ئەنندەروتوو هەمان شاخی (هەندرێن)ە (Marf 2015: 136). شاری خیپتونو بەهەڵە شوێنەوارەکەی دیاریکرابوو لە ڕۆژئاوای دەشتی هەریر لە نزیك زێی گەورە (Zadok 1978; Radner 2012). بەڵام دڵشاد مارف توانی شوێنەواری شارەکە لەژێر ڕۆشنایی دەقە مێخی و تۆماری گەریدە موسوڵمانەکاندا دیاریبکات بە شوێنەواری دبۆرە لە سنوری گوندی هاودیان، ناوی هاودیان هەر لە هەمان ناوی (خیپتونو) و( هەفتون)ەوە هاتووە (Marf 2015: 138; Marf 2017). لە دەشتی دیانا لە سنوری گوندی هاودیان شوێنەواری شارێکی کۆن لە گردی دبۆرە و دەوروبەری دەبیندرێت، پاشماوەکانی ئەم شارە وبەردی کەلاوە داروخاوەکانی ڕووبەرێکی گەورەی داپۆشیوە لەو بەرزاییەی کە بەسەر ڕووبارەکەدا دەڕوانێت. ئەم شوێنەوارە پاشماوەی شارێکی کۆنە هەر لەسەردەمی ئاشوری نوێ و ئورارتییەکانەوە ئاوەدان بووە هەتا سەدەی 16ی زاینی، شاری خیپتون چەند جارێك

بەشێوەی جیاواز وەك تەل حەفتون، حیبتون، خوفتیان و خوفتیگیان لەلایەن مێژوونووس و گەڕیدە و جوگرافیاناسە موسوڵمان و جووەکانەوە ناوی هاتووە، بۆ نمونە یاقوتی حەمەویدەڵێت:

" خوفتیان، دوو قەڵای گەورەن سەربە سنوری(ئەربیل)ن، ***یەکێکیان لە ڕێگەی (مەراغە)یە لە*** (ئەربیل)***ەوە، پێی دەگوترێت خوفتیانی زەرزارییەکان. لەسەر لوتکە شاخێکە (گردێکە) لە خوارەوەی ڕووبارێکی گەورە دەڕوات، و بازاڕێك هەیە و دۆڵێکی فراوان هەیە لە دەوری. ئەوەی تریان پێی دەگوترا خوفتیانی سەرخابی بن بەدر لەسەر ڕێگەی شارەزوور لە ئەربیلەوە. ئەم قەڵایەیان گەورەتر و ڕازاوەترە لەوەی یەکەمیان. هەردوو قەڵاکە لە کتێبەکاندا بە*** قەڵای ***خوفتیگانتۆمارکراون."*** (الحموی، 1977، ج2: 379-380).

لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا (مراصد الاگلاع على اسماو الامكنه و البقاع) کە کورتکراوەی کتێبەکەی یاقوتی حەمەوی(معجم البلدان)ە، صفی الدین البغدادی باسی خوفتیان دەکات و هەمان زانیارییەکانی یاقوت دووبارە دەکاتەوە. (البغدادی،1992، ج1: 475).

لە شوێنێکی تردا یاقوتی حەمەوی دەربارەی خوفتیانی بچووك ئەوەی سەر ڕێگەی نێوان ئەربیل و مەراغە یە زانیاری وردتر دەنووسێت، ئەم جارە بە ناوی تەل حەفتون تۆماری کردووەو و دەڵێت:

***"تەل هەفتون، شارۆچکەیەکە لە سنوری ئەربیل، کاروانچییەکان لە ڕۆژی دووەمی کاروانەکەیاندا بەرەو ئازەربایجان لە ئەربیل(هەولێر)ەوە لەوێ (تەل هەفتون) لایان دەدا، تەل هەفتون دەکەوێتە نێو چیاکان، بازاڕێکی جوانی هەیە، خێروبێری فراوانی تێدایە، لە تەنیشت شارەکەوە گردێکی بەرز هەیە، خانووی زۆربەی خەڵکی شار لەسەر ئەو گردەیە، خەڵکەکەی پێیان وایە قەڵایە و، ڕوبارێکی ڕەوانی پێدا تێپەڕ دەبێت و، خەڵکەکەی هەموو کوردن، زیاتر لە جارێك بینیومە."*** الحموی 1977, ج2 : 45).

یاقوتی حەمەوی زانیار گرنگ دەربارەی شاری تەل هەفتون (خوفتیان) دەنووسێت، ئەو ناوی شارەکەی بە سێ شێوە نووسیوە، باسی هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکە، بوونی ڕووبارێك و دۆڵێکی فراوان و زنجیرە چیایەیەك لە دەوری شارەکە دەکات. هەڵکەوتەی شارەکە لەسەر ڕێگە سەرەکییە بازرگانییەکەی نێوان هەولێر-خوفتیان-مەراغە-ئازەربایجان، بوونی بازاڕێکی گەورە و کاڵای زۆر، دروستکردنی خانووی زۆر لەسەر گردێك کە شارەکە وەك شارە قەڵایەك دەرکەوتووە، نووسیویەتی شارەکە هەموو کوردن و لە (هۆزی زەرزاری)ن. ئەمانە زانیاری زۆر وردن دەربارەی ئەو شارە. مەبەستی یاقوت لەوەی کە دەڵێت خانووی زۆربەی خەڵکەکە لەسەر گردێکی بەرزە و خەڵکەکە پێی دەڵێن قەڵا، لەوانەیە وەك قەڵای هەولێر دیواری پشتەوەی خانووەکان بەریز لە تەنیشتی یەك دروستکرابێتن و بەوشێوەیە ئەم شارەقەڵایە شورای نەبووە وەك قەڵاکانی تر، ئەمە لە بارێکدایە ئەگەر ئەم دەربڕینەی یاقوت " ***خەڵکەکەی پێیان وایە قەڵایە***"وەك سەرسوڕمان نەبووبێت، بەڵام ئەگەر وەك سەرسوڕمان بووبێت ئەوا لەوانەیە یاقوت پێیی سەیربووبێت کە خەڵکی کوردی ئەوێ بە گردەکە و خانووەکانی سەری دەڵێن قەڵات، چونکە هەروەك دەزانین کوردی ناوچەکانی نێوان زێیی سەرو و زێی خوارو بە گرد و شوێنی بەرز دەڵێن قەڵات تەنانەت ئەگەر هیچ شورا و دیوار و خانووشی لەسەر نەبێت، لەوانەیە لەبەر

ئەوەبوو بێت یاقوت بەو شێوەیە نووسیویەتی خەڵکی وای گومان دەبەن قەڵا بێت. هەروەها لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا، یاقوت دەڵێت "***حیبتون ناوی شاخێکە لە سنوری موصل***". (الحموی 1977، ج2، ٢١١).

جوگرافیاناسی موسوڵمان ئیدریسی (1099-1165 ز.) لە گەشتنامەکەیدا لە بەشی شەشەمی هەرێمەکانی جیهاندا باس لە ناوچەکانی عێراق و ناوچە شاخاوییەکان دەکات، شاری (حیبتون)ی لەگەڵ بەغداد نووسیوە و، لە ڕیزی ناوچەکانی هەرێمی عێراق نەک هەرێمی چیاکان داناوە. (دەروانەرێتە، الإدریسی، نزهە المشتاق....: 166).وەك دەبینین لە کتێبەکەی ئیدریسی دا ناوی شاری حیبتون و، لەلای یاقوت شاخی حیبتون زۆر نزیکن لە ناوە کۆنەکەی شارەکە کە لە نووسینە مێخییەکاندا بە شێوەی خیبتون تۆمارکراوە. ئیدریسی دەڵێت:"***حیبتون شارێکی خاوەن شورە(شورەدار)ی جوانە لەسەر ڕووباری زاب لەسەر ڕێگەی ئەرمینیا***"(الادریسی: کتاب نزهە: ج 1: 213).

هەروەها لە نووسینە ئورارتییە هەڵکەندراوەکەی سەر ڕووە بەردینەکەی قەڵای وان کە لە سەدەی 9 پ.ز.تۆمارکراوە و ئێستا پێی دەگوترێت (میهرە کاپیسی=دەرگەی میهر)، ئاماژە بە شاخی پیرۆز و پەرستراوی خودون دەکرێت. پێدەچێت هەمان شاخی برادۆست بێت کە هەتا دیوی هاودیان و دیانا درێژدەبێتەوە، ئەم شاخە لە نووسینەکەی مەهرە کاپیسیدا پێی گوتراوە خودون، وەك شاخێکی پیرۆز و پەرستراو تۆمارکراوە. (بۆ درێژەی زیاتر دەروانەرێتە: مارف 2017؛ Marf 2015: 136)

شوێنەواری شاری هەفتون پێدەچێت لە سنوری گوندی هاودیان بێت، یەکێك لەو شوێنەوارانەش کە زۆرێك لەو وەسفانەی لە لایەن یاقوتی حەمەوییەوە بۆ شارەکە نووسراوە لە شوێنەواری (دبۆرە)دا دەبینرێت، شارەکە لەسەر بەرزاییەکە و ڕووبارەکە لە خوارەوەی دەڕوات و دۆڵێکی فراوان لەبەردەمیدایە.(Marf 2015).

قەلقشندی لە بارەی تەل حەفتون دەڵێت:"***لە کۆتایی دەوڵەتی عەبباسی ئەمیر مبارزالدین کك لە هۆزی حەمیدی کوردی، یەکێك بوو لە میرەکان لە دیوانی خەلافەتی عەباسیدا و نازناوی مبارزالدینی پێدرا، خۆی لە بنەڕەتدا ناوی صلاح بوو، لە سەردەمی هۆلاگۆدا پلەیەکی بەرزی پێدرا و کردیان بە بەرپرسی ئەربیل و ناوچەکانی دەوروبەری و هەموو عەقرشوش(واتە قەڵای شوش و ناوچەی ئاکرێ) خرایە سەر دەسەڵاتەکەی و (هرات) و (تەل حەفتون) پشی بۆ زیادکرا و بۆ ماوەی بیست ساڵ فەرمانڕەوایی کرد و لەدوای خۆشی عێزەدینی کوڕی وەك باوکی ناوچەکانی ژێردەستی بەڕێوەبرد و پاشان برای عێزەدین کە ناوی نەجمەدین خدر بوو هەروەك باوك و براکەی فەرمانڕەوایەکی بەهێزبوو.***" (القلقشندی، 1919، ج4: 374-375).

نصوحیی ئەفەندی سیلاحی ناسراو بە موتراقی زادە 1480-1564ز.(Matrakçı Nasuh) شارەزای زانستەکانی ماتماتیك و جوگرافیا و ئەندازەی بیناسازی بووە، لە ساڵی 1534-1535ز. لەگەڵ هەڵمەتەکەی سوڵتانی عوسمانی سلێمانی قانوونی (1520-1566ز.) بۆ سەرناوچەکانی ئێران و عێراق و کوردستان وەك نووسەرێك و وێنەکێشێکی بیناسازی ئەو شوێنانەی کە پێیداتێپەڕیوون زانیاری وردی لەبارەوە تۆمارکردوون. دوای گەیشتنی سوڵتان سلێمانی قانوونی بەناوچەی گۆپتەپە(لەوانەیە مەبەست لێی گۆپتەپەی نزیك کۆیە بووبێت) لە 18ی نیسانی 1535دا، موتراقی زادە ئاماژە بە گەیشتنی سەرداری قەڵاکانی هەولێر و ئاڵتون

کۆپری و شەقڵاوە و هەریر و جزریل دەکات، کە کلیلی قەڵاکانیان بە سوڵتانی ناوبراو داو و، پەیمانیان داو کە قەڵاکانیان ملکەچی دەوڵەتی عوسمانی بێت. (مگراقی زادە: 2003, 111) ئەم ئاماژە کردنە بە قەڵاکان و کلیلی دەرگاکانیان لەسەدەی شانزەهەم دا، نیشانەی ئامادەیی دەسەڵات و ژیاری و شارستانی و ژیانی کوردە لەم قەڵایانەی کە موتراقی زادە ناوی هێناون، بەتایبەتی لە قەڵاکانی ناوچەی ڕواندز دا. لە درێژەی نووسینەکەیدا دەنووسێت:

**" لەناوەڕاستی مانگی شەوال 942ی کۆچی (18ی نیسانی 1535) لەم شوێنە وێران و بیابانە(مەبەستی ناوچەی گۆپ تەپەیە لەوانەیە ئەوکات بەهۆکاری شەڕ و برسییەتی و بلاوبوونەوەی نەخۆشی دانیشتووانی کەمبێتەوە و ئاواییەکان چۆڵکرابن)، گوتنەوەی (ان الله الرحمن) ئامانجمان قەڵایەکی ناو خاکی ویلایەتی کوردستانە، کە بە بەهێزی لە بناغە و بنیاتنانی ناسراون، تاوەرەکانی هەور بڕ بوونماڵی سوڵتانەکانی ڕابردوو و پادشاکانی پێشوو کە بەردەوام هەوڵیانداوە دەستی بەسەردابگرن و ئازادی بکەن سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانەی بۆی کراوە، ئەمە وەکو ڕاوکردنی باڵندە خەیاڵ و موعجیزە ئاسا سەختە، ئەمە لێکچواندنێکی بە زۆرییە قەڵایەکی بەهێز و بەرگریکار ملکەچی بکەی وەك ئەو قەڵایەی (خفیان). لەگەیشتن بەلایەکی ئەم قەڵایە، لە دۆڵەکەی بەرامبەریدا چادری سوڵتانی لەلای سەرچاوەی ئاوێك کە پێیان دەگوت (کانی شمشاد و خوب سهاد)، حەزرەتی سوڵتان بە شەرمەزمەندییەوە ئامادەیی ئەم شوێنە بوو".**(مگراقی زادە: 2003, 114).

### 1.4. شاری ڕواندز(شاری سۆران):

هەرچەندە ناوی رواندز بەم شێوەیەی ئێستای لە تۆماری مێژوونووس و جوگرافیاناسەکانی سەردەمی عەبباسی و سەدەکانی ناوەڕاستدا نەهاتووە. هەروەها شارەکە لە نەخشەی جوگرافیاناس و نەخشەسازەکانی ئەوروپا و نەخشەسازەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ئەستەنبوڵ بە ناوی شاری سۆران (صهران) تۆمارکراوە. بەپێی وێنەی هێمای شارەکان بێت لەسەر ئەو نەخشە عوسمانی و ئەوروپییانە، ئەو کاتە شاری سۆران شارێکی زۆر ئاوەدان و خاوەن پایە بووە، لەبەر ئەوە هەردەم شانبەشانی شارەکانی کەرکوك و ئەربیل لەسەر نەخشەکان دەبندرێت، تەنانەت هەندێك کات ئەربیل لەسەر هەندێك نەخشە بوونی نییە، بەلام سۆران وەك شارێکی ئاوەدان لەسەر نەخشەکە تۆمارکراوە. (Manners, and Emiralioğlu 2007).

لە ساڵی 1892ز.دا بارۆن ئێدوارد نۆلدەی (1849-1895ز.) Eduard, Baron Nolde ئەڵمانی گەشتێکی بۆ ناوچەکانی کوردستان و ئەرمێنیا و جەزیرەی عەرەبی و شام و عێراق کرد و تۆماری گەشتەکەی بەناونیشانی (گەشتێك بەناو خاکی عەرەب و کوردستان و ئەرمێنیا) لە 1895ز.دا بلاوکراوەتەوە، بۆ ئەم شوێنانە گەشتیکردووە وەك: دیمەشق، بەغداد، وڵاتی هەمەوەند، کەرکوك و قەرەتەپە و موسڵ و دەشتی نەینەوا، بادینان، بەتلیس هتد.، لەگەشتەکەیدا باسی ڕووباری ڕواندز دەکات ئەو ڕووبارەی دەرێژیتە ڕێژگەی زێی گەورە و دەنوسێت و بە ڕووبارەکە دەڵێت ڕووباری ئەحمەدیجە:**" ئێستا دەبێت کاتی باران و بەفر بێت لەناو چیاکانی ڕواندز ئەحمەدیجە (Ahmedije) دەنگی قەت ناسرەوێت و نابڕێتەوە".** (Nolde: 1895, 188-189).

سامۆئێل گراهام ویڵسن1858-1916 Wilson Samuel Graham کە ماوەی پانزە ساڵ وەك مژدەدرێکی مەسیحی ئەمەریکی لە وڵاتی فارس دا ماوەتەوە، لە گەشتەکەی بۆ وڵاتی کوردستان و فارس، گەشتنامەکەی بە ناونیشانی (Persian Life and Customs) لە 1895 دا بلاویکردۆتەوە، باسی ناوچەی

ڕواندز دەکات، بەتایبەتی لە بەستنەوەی ناوچەکانی بازرگانی و ناوەندەکانی مامەڵەکردن و بازارکردنی هەرێمی لە دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری ئەو کات لە وڵاتی فارس دا، دەنووسێت: **"لە مەهاباد بۆ موسڵ لەگەڵ قافڵەی کاروانچییەکان بەناو ناوچەی ڕواندز دا نۆ ڕۆژە ڕێ یە، بەڵام بەتەنیا ڕێگایەکی دوور و درێژە و جێگەی مەترسییە لە هەبوونی کاری چەتەیی، تەنانەت ڕووەکیش دەخۆن...لێرە ڕێگەکە لەبەرەو ڕۆژئاوای دارستانەکانی لاهیجانەوە دەڕوات و لەوێ پاشماوەی بەردینی خەڵوزی زۆرە".** (Wilson. 1895: 99).

**ناوچەی** ڕواندز و ڕایات لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی لە بەرگی چوارەمدا، بەناوچەیەکی سەخت وەسف کراوە، هەروەها باس لە ڕێگرییەکانی سروشتی وەك **بەفر بارین لە** وەرزی زستان دەکات و دەنووسێت:**" لە زستاندا ڕێگەی ئورمیە- ڕواندز- موصڵ بە ڕێگەی کێلەشین بۆ تێپەڕین پێدا زۆر قورس دەبێت و بەهۆی زۆری بەفربارینەوە ڕێگەکە دادەخرێت، تێپەڕین بەناو دۆڵی ڕواندز و ڕایات دا بە ڕێگەی گەروە شینکە (Garu-Shinka) کە دەکەوێتە باشووری کێلەشین، کەمێك شیاوترە و لە 7,800 پێ بەرزتر نابێت".** Arnold, (T.W., 1934: 1050). ئەمە هۆکارێك بووە کە زۆرێك لە گەڕیدەکان خۆیان دەپاراست لە گەشتکردن بۆ ئەم ناوچەیە، بۆ گەڕان و پشکنینی ناوچە شوێنەوارەییەکانی ناوچەکە و تۆمارکردنیان، لەبەر ئەوە ئەو دەرفەتە کەمتر بوو بۆ تۆمارکردنی مێژوو و نیگار و شێوەی پاشماوەی شوێنەوارەکان و ئەو شوێنانەی بە ساغی ماونەتەوە. تەنانەت سەختی و بەفربارینی ناوچەکە زۆر کۆنترە و 28 سەدە لەمەوبەر لە نووسینە مێخییەکاندا باسکراوە (مارف، 2017: ).

هەروەها گەڕیدە و نێردراوی پادشای دانیمارك لە سەدەی هەژدەهەم سەردانی کوردستان و ڕواندزی کردووە، وەك: کارستن نیبۆر 1733-1815(Carsten Niebuhr) زانایەکی دۆزەرەوەی بواری جوگرافی و شوێنەوار و ماتماتیك و کارتۆگرافی (نەخشەزانی)بوو، لە ساڵی 1767ز.دا کارستن نیپۆر سەردانی ئێران و عێراق و کوردستانی کرد. بەم کورتە تێڕوانینە باس لە شاری ڕواندز و بارودۆخەکەی دەکات:**"ڕواندوز(لوندوس) دەکەوێتە دۆڵێکی بچووکی سەرچیاییەکی بەرز و سەخت ناتوانی پێی بگەی تەنها لە ڕێگایەکی زۆر بەرتەسك دا. دەڵێن هەندێ دانیشتووانی ئەم هەرێمە بڕێکی کەم و دیاریکراو دەدەن بە حاکمی کوێ سەنجەق لێرەدا فەرمانڕەوایی دەسەڵات لە یەك خێزان دا نامێنێتەوە بەڵکو دانیشتووانەکەی قەبوڵیان نییە لەلایەن دراوسێکانیانەوە سەرۆکێکی بەهێزتریان لەوان بۆیان بنێردرێ، بەڵام هەندێ دەگێڕنەوە یان دەڵێن لە کاتی مردنی سەرۆکەکەیان زۆرانبازییەك بەڕێوە دەچێت کێ بردیەوە ئەو دەبێتە فەرمانڕەوا". (نیبور:2007, 261).**

ویلیام فرانسیس ئینسوۆرپ1807-1896(William Ainsworth) نووسەر، پزیشك، گەڕیدە، جیۆگرافیزان و زەویناس، لە 1836 تا 1841 گەشتی بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کردووە، لە هاوینی 1840 دا بە کوردستان دا گەڕاوە و سەرنج و تێبینیەکانی خۆی نووسیووە،دواتر نووسینەکانی لەسەر کورد و کوردستان بڵاوکردۆتەوە، لە

---

1مەبەست لەوەی کە بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت "تەنانەت ڕووەکیش دەخۆن"! لەوانەیە خەڵکی ناوچەکە (چەتەکان) ڕووەکی کێوییان خواردووە، ئەمەش لە کوردستاندا شتێکی ئاساییە و تا ئێستاش لەوەرزە جیاوازەکانی ساڵدا بەتایبەت بەهاران خەڵکی چەندین ڕووەکی کێوی وەك کەنگر و ڕێواس و گۆزروان هتد لە شاخەکان کۆدەکەنەوە و دەیخۆن کە بۆ کەسێکی بیانی جێگەی سەرنجە. توێژەران.

ساڵی 1840ز.دا سەردانی ناوچەی برادۆست و ڕواندز و هەریر کردووە، دەربارەی شاری ڕواندز بەم شێوەیە دەنووسێت:

**"شارۆچکەی ڕواندز نزیکەی 2000 خانوو دەبن، نەمتوانی هەموویان بژمێرم زیاتر لە 1000 خانوو نەبێت، هەر چۆنێك بێت هەندێکیانم لێ بەدەر کرد لەوانەیە هەمووی بەسەر یەکەوە 1300 خانوو بێت، بەڵام لە زۆربەی خانووەکاندا دوو تا سێ خێزان دەژین، تاك و تەرا نەبێت ئەگەر خانوویەك یەك ماڵی تێدا بێت، ئەگینا زۆرینەیان ئەوەیە لە ڕاستیدا ژمارەی دانیشتووانێکی وا چڕم نەبینیووە، زۆریش سەرسوڕمان نییە سەربانی خانووەکانی دیواریان نییە وەکو شارەکانی تری خۆرهەڵات، هەر لەگەڵ خۆرئاوابوون دا سەربانی خانووەکان نوێنی لەسەر ڕادەخرێ".**(William Ainsworth:1841,p69).

ئیدا لورا پفایفێر 1797-1858 (Ida Pfeiffer) لە پەنجاکانی سەدەی نۆزدەدا لە موسڵەوە بەرەو ڕواندز و ئینجا بۆ وڵاتی فارس بەم شێوەیە باسی ڕواندزدا دەکات: **" لەمەودایەکی کەمەوە ڕواندز دیاربوو، ڕوانین لەم شارە زیاتر جادوو ئامێزە..! لە حەقیقەتدا ئەو جوانییەی نییە کە لە شارێکی تری تورکی جوانتر بێت، بەڵام لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندیەکەی دەکەوێتە سەر گۆمەزێکی دابڕاو، کە بە چیا دەورە دراوە و خانووەکانی لەسەر شێوازی خانوو لەسەر خانووە، سەربان لەسەر سەربانی یەکتر بنیاتنراوە، لەگەڵ سەربانێکی بەهێز، کە لەگەڵ زەوی ڕاستبۆتەوە و بە بەهێزی کۆتایی هاتووە، کە شەقامەکانی تەسك و تەنگەبەرن و زۆرجار بەسەختی ناتوانی تێیدا تێپەڕبیت و نازنی کامە سەربانی ماڵان و کامەیان شەقامەکانییەتی".**( Ida Pfeiffer:1850,275).

لە ئایاری 1849 دا مژدەدەری مەسیحی ئەمەریکی جەستن پێرکنس1805-1869(Justin Perkins) سەردانی ناوچەی ڕواندزی کردووە، دەربارەی شاری ڕواندز و هەڵکەوتەی شارەکە و شێوازی دروستکردنی خانوو و ئەو کەرەستانەی کە تێیدا لە بیناسازی شارەکەدا بەکارهاتوون دەنووسێت:

**" ڕواندز لە دۆڵێکی نزم دایە، گەرم و چێژبەخش نییە، تا ئێستا هەر بە شێوەیەکی باش ماوەتەوە لە پێنج سەد خانوو پێك دێت، هەشتا لەوان جولەکەن، ئەوەی تر کوردن. جولەکە لە هەندێ گوندەکانی دەوروبەری (ڕواندز) هەن، گوندێکی بچووکی نەستووری پاپاییەکانی لێیە، کە لەسەر ڕێگای شنۆیە(Ooshnoo)، کە نزیکەی چوار میل لە ڕواندز دوورە (لە وانەیە مەبەستی گوندی دیانا یان هاودیان بووبێت)، جولەکەکان بە زمانی سریانی قسە دەکەن. نزیکەی چوارسەد سەربازی تورك لەسەربازگەی ڕواندز دا هەن، بۆ پارمەتیدانی حکومەت لە شار و ناوچەکەدا. سەربانی خانووەکانی هەریەکەی بەسەرووی خانووەکەی تر بەکاردەهێنرێت، هەموو سەربانەکانیان پەستاوێنیر لەوانەیە بگاتە پێنج سەد خانوو. سەردانی شارەکەم کرد هەر بەو ناوەی**

---

2لە کارەکانی دروستکردنی خانوو لە گوندەکانی کوردستان لەسەردەمی کۆن و لە ئێستادا کاری خۆڵە بان هەبووە، کە سەربانی خانووەکانیان بە گڵ دەگرت و دواتر بە باگوردان (باگردێن) کە بەردێکی لولەییە لە نیو تا مەترێك درێژە و بەئەندازەی سی تا چل سانتیمێك بە بازنەیی لەسەربانی خانووەکان دەگێڕدرێت بۆ کاری پەستان و توندکردنی سەربانی خانووەکان، ئەم پرۆسەیەی گێرانی خانوو لە وەرزی باران بارین و بەفر بارین دووبارە دەبێتەوە. (توێژەران).

**شایانییەتی کە لەگەڵ ناوە شکۆدارییەکەی بێت، بەشێکی خانووەکانی لەبەرد دروستکراون، بەشێکی گەورەی لە خشتی قوڕی لەبەر خۆر وشککراون، خشتەکان لە تێکەڵکردنی قوڕ لەگەڵ هەندێ لە پووشی بڕاوە(کا) دروستکراون، کە شێوازێکی کۆنی مصرییەکانەسە بەهۆی نەبوونی بەردی لینی لە خاکەکەی ئێرەدا کە بە ڕێك و پێکی بەشی ئەوە ناکات کە بۆ مەبەستی دروستکردنی خانوو بەکاربهێنرێت، سەرەڕای ئەو تێکەڵکردنە فراوانەی کا لە هەندێ خانووەکاندا، کۆگای خواروی ماڵەکان لەبەرد دروستکراون (دروستتر بناغەی خانووەکان و ئینجا کۆگاکانی شتومەك هەڵگرتن) سەرەوەی خانووەکان بە زۆری لە دوو ژووری بەرزی هەیە و لە خشتی نەرم دروستکراون، شەقامەکانی تەسك و خراپ و زۆر پیس و پۆخەڵن، بازاڕەکەی بە دەگمەن شایانی ئەو ناوەیە".**(Perkins,1851: 93).

جەیمس کارلایل مەکۆن(1829-1904ز.) (James Carlile McCoan), لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەم سەردانی ڕواندزی لە ڕێگەی شنۆ-سیدەکان کردووە، بە کورتەیەکی زۆر ورد وێنایەکی شارستانی و جیۆگرافی و شوێنەواری ڕواندز دەکات و دەنووسێت:

**"ئەم شارۆچکەیە بەرووخسارییەوە لە پایتەختی بەڕێوەبردنی کوردستان ناچێت، دەکەوێتە دۆڵێکی گەرداو و بەتەواوی لەهەموو لایەکەوە بە چیاکان داخراوە، شارۆچکەکە ڕێك دەکەوێتە سەر گردێکی گەورە، لە هەر دوو لای خەرەندێکی قووڵ و ڕووبارێکی خێرا و بچووك بە تەنگەبەری پێیدا تێپەڕدەبێت، کە بە ڕێگە و کەناڵی پێچا و پێچ دەڕوات، کە پردێکی بەردینی بەیەکەوەی دەبەستێتەوە و پاڵپشتی دەکات، بەهەر حاڵ هەر شوێنی پردەکە زۆر بەهێزە، ئەم شوێنە بە قەڵای بەهێز پارێزراوە و قەڵایەکی تری لەسەر لاکەی ڕووبارەکەیەشە هەندێ تاوەری بچووکی چاودێری لەسەر بەرزاییەکانی تری هەیە. بەڵام هەر هەموویان لەهەمبەر تۆپخانەکاندا هیچ نرخێکیان نییە، بەڵام زۆر بە سەختی لەلایەن هەرکەسێکەوە ئەگەر بیەوێت خۆی پێهەڵواسێت و بچێتە سەر لوتکەیانەوە، بەتایبەتی لەلایەن یاخبووانەوە، لەوانەیە هێزی بۆ بهێنرێت، لە سەر گردۆڵکەکانی سەر ڕێگای سیدەکان سەیری ڕواندزم دەکرد، زیاتر لە شوێنێکی ئاسایی دەچێت کە هەتا ئێستا سەردانم کردبێت".** (McCoan:1879, 68).

هەروەها زۆرێك لە گەڕیدەکان، لە شێوازی خانووبەرە و هەڵکەوتەی بیناسازی رواندزیان کۆڵیوەتەوە، لەمبارەیەوە مەکۆن دەنووسێت:" **خانووەکانی چین چین بەسەر یەکەوەن کە تایبەتمەندی شارەکانی خۆرهەڵاتە بێجگە لە نارێکی و پیسی و پۆخڵی، شەقامەکانی تەنگەبەر و پیسن، بازاڕەکەی لە داڕووخان دایە و نیوەی داخراوە، مەزندەی دانیشتووانی بە 500 خێزان دەکرێت، کە هەشتایان جولەکەن، ئەوانی تریش کوردن، جوڵەی بازرگانی تێیدا کەمە".**(McCoan:1879: 69).

---

3ئەم گەڕیدەیە زۆر شارەزای میسۆپۆتامیا و ناوچەیە نەبووە، چونکە لەم ناوچەیەش هەر لە چاخی بەردینی نوێ و یەکەم گوندە کشتوکاڵییەکانەوە خانووەکان لە خشتی قوڕ و تێکەڵی کا دروست دەکران. (توێژەران).

4لەوانەیە مەبەستی ئیچ قەڵا بووبێت. (توێژەران).

5لەوانەیە مەبەستی قونگرەی شەمام و قونگرەکانی تربووبێت. (توێژەران).

### 1.5. گوندی باڵەکیان

گوندی باڵەکیان ئەو گوندەبووە کە قەلقەشەندی باسی کردووە، و دەڵێت کە دەستەیەك لە هۆزی زەرزاری بەناوی گوندەکەیانەوە ناونراون بالکان، بێگومان مەبەستی باڵەکیانە، ئەمەش تۆمارێکی گرنگە دەربارەی ئەو ناوی باڵەکیان کە شەش سەدە لەمەوبەر ناوی هاتووە.

### 1.6. عوقبەتولحان (عقبە الحان)

عوقبەتولحان شوێنێك بوو کە باڵەکییەکان لە نزیکییەوە ئێشکگرانەیان وەردەگرت. (القلقشندی، 1919، ج.4: 377). ناو و شوێنەواری ئەم شوێنە نازاندرێت و جگە لە قەلقەشەندی کەسی تر باسی نەکردووە و لەوانەیە خەڵکی ناوچەکە ناوی ئەم شوێنەیان بە شێوەیەکی تر گۆ کردبێت. بەڵام دەبێت لە نزیك دەربەندێك یان لەسەر رێگای کاروانە بازرگانییەکان بووبێت، چونکە ئێشکگرانە تەنها لەو شوێنانەدا وەردەگیران و دەستەڵاتداران یان سەرۆك هۆزەکان پاسەوانیان وەك ئێشکگر لەو رێگە و دەربەندانەدا دادەنا تا ئێشکبگرن و رێگە نەدەن بە دز و جەردە لەو دەربەند و رێگایانەدا چەتەیی و رێگری بکەن، لەبەرامبەردا رێبواران و کاروانچییەکان دەبوو ئێشکگرانە وەك کرێی ئەو ماندووبوون و سەلامەتی رێگایە بدەنە ئێشکگرەکان.

### 1.7. گوندی دیانا

جەیمس کارلایڵ مەکۆن 1829-1904 (James Carlile McCoan)، لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەم سەردانی ڕواندزی لە رێگەی شنۆ-سیدەکان بۆ ڕواندز ئەنجامداوە، لەگەشتەکەی مەکۆن بۆ ناوچەی سیدەکان و گێڕانەوەکانی لە کاتی تێپەڕبوونی بە ناو هۆزی نۆتچە (Nootcha) و ئەو مامەڵەیەی کە بەتوندی لەگەڵیداکراوە، هەروەها وەسفکردنی سروشتی جوانی ناوچەکە، لە کاتی هاتنەناوەوەی بۆ سنووری ئەوکاتی دەوڵەتی عوسمانی لە شنۆ بۆ سیدەکان، ئاماژە بە نەبوونی دانیشتووان دەکات لەو سنوورەکەدا، بەڵام باس لە بیستنی دەنگی باڵندەی وەك: بولبول و کۆتر دەکات، کە تەنها باڵندەکان لەم ناوچەی سنوورە دەژین. هیچ ئاماژەیەك بە شوێنەواری کێلەشین و ناوچەی برادۆست ناکات، تەنها باسی کەسێکیان دەکات کە گیراوە لە **کۆنە قەڵا(Old Kaleh)**،[6] دوای ئازادکردنی لەلایەن رێبەری گەشتەکەیانەوە، ناوچەی سیدەکان جێدەهێڵن و لە ئێوارەیەکی درەنگدا دەگەنە گوندی دیانا(The village of Dhianeh) مەکۆن دەنووسێت:

**" لەگەڵ قەشەی کلدانییەکان، لە ژوورێکی ماڵەکەیدا کە لە دواوەی کەنیسەکەیدا بوو، پیس و ناڕێك بوو، ئەو ڕێزێکی زۆری گرتم و بۆ کەنیسەی گوندەکە بردمی، پاشان خواردنی ئێوارەم هەر لەوێدا خوارد و شەوم تێیدا بەسەربرد، لەو بڕوایەدام ئەم شوێنە تەنها پانزە بە بیست پێیەك دەبوو، بێجگە لەوەی تەنها یەك ژوور بۆ هەمووومان بەشی ئەکرد، هەر لەوێدا چاوم بە کەتانێکی زۆری کەڵەکەبوو کەوت کە بە هەر چوار لای ژوورەکەدا داندرابوو، لە ڕاستیدا ئەم ژوورە تەنها جیاوازی لە ڕووکەشیدا هەبوو، ئەگینا لە کۆگاییەکی بچووکی سەرگیراوی ئێرلەندی دەچوو".**( McCoan:1879, 67-68). مەکۆن لەکاتی مانەوەی لە کەنیسەی دیانا باس لە

---

6کۆنە قەڵا، لەوانەیە یەکێك بووبێت لە قەڵاکانی ناوچەی برادۆست. بەداخەوە نەمانتوانی زانیاری دەستبخەین کە ئێستا شوێنەوارەکەی چ قەڵایەکە و چی پێ دەڵێن. (توێژەران).

بەسەربردنی کات بە سەیرکردنی هەندێ کتێب کە چاپکراوی رووسی کۆن بوون دەکات و، لەگەڵ روانین لە وێنەی مەریەمی پاکیزە و وێنەی حەزرەتی عیسا کە بە دیواری کەنیسەکەدا هەڵواسرابوون.

### 2. قەڵاکان

### 2.1. شارەقەڵای ڕواندز

عەبدولرەزاق ئەسفەهانی لە 1230 کۆچی بەرامبەر بە 1814-1815 زایینی سەردانی شاری ڕواندزی کردووە، کە سەروبەندی دەسەڵات وەرگرتنی میر محەممەد پاشای ڕواندز بوو. عەبدولرەزاق ئەسفەهانی لە درێژەی گەشتەکەیدا ئاماژە بەهەندێ زانیاری تر دەکات لە شێوەی هەڵکەوتنی شاری کۆنی ڕواندز و قەڵا کۆنەکەی دەنووسێت:

**"لەسەر بەهێزی و سەختی شوێن و جێگاکەی شتی سەیرم بیست، کە سەر سووڕماومان دەکات، بە شێوەیەك کە دەڵێن گوزەرکردنی سوارە و پیادە زۆر دژوار و ئەستەمە و بە پیادە ناتوانرێ لە یەك کەس زیاتر بەو ڕێگایەدا بڕوا، سێ لای قەڵاکەی چۆمێکی زۆر قووڵە، ئەستەمە کەس بتوانێ لێی بپەڕێتەوە، لەلاکەی تریەوە کێوێکی بەرز و هەڵەمووتە کە خۆی لە شانی شاخی سەهەند و سەبەلان و ئەلوەند و دەماوەند دەدا دەبیندرێت. لە لووتکەی کێوەکەدا چەندین بینای دروستکردووە، بەشێوەیەك کە کەس ناوێرێ لە ترسی خانووەکەی سەرەوە دەستدرێژی بکاتە سەر ئەوەی لای خوارەوە لە ترسی بەرد، جا چ جای لە ترسی تفەنگ".**(ئەسفەهانی: 2009, 38-39). بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی وەسفی تۆپەکانی رواندز لەم توێژینەوەیەی بەردەستتدا دەڕواندرێتە لاپەڕەکانی خوراەوە خاڵی .6.1 تۆپەکانی رواندز).

ریچارد وود 1806-1900(Richard Wood) وەك نوێنەرێکی دیپلۆماتیی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا کە نێردراوی تایبەتی لۆرد پۆنسۆنبی1770-1855(Lord Ponsonby) باڵیۆزی بەریتانیا بووە لە ئیستانبوڵ، بۆ ناوبژیکردن لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و میر محەممەد پاشای ڕواندز دا نێردرابوو، لە یاداشتی ڕۆژانەی کە لە شێوەی ناردنی نامەی دیپلۆماتیی بۆ باڵیۆزخانەی بەریتانی لە ئیستانبوڵ نووسیوونی، باسی ڕێگا سەختەکانی گەیشتن بە ڕواندز دەکات، هەر چەندە لە نامە سەرەتاییەکانی قەڵاکانی زاخۆ و ئامێدی و ئاکرێ و هەولێر و ئاڵتون کۆپری بە سنووری میرنشینی سۆران هەژمار دەکات، لە ڕۆژی 28ی حوزەیرانی 1836 نامەیەکی بۆ لۆرد پۆنسبنی ناردووە، ئاماژە بە قەڵای بەهێزی ڕواندز دەکات و دەنووسێت:

**"لەو کاتەی ڕەشید پاشا دەستی بەسەر جەزیرە و زاخۆ داگرتووە، بەگی ڕواندز بۆ ناوخۆی هەرێمەکەی پاشەکشەی کردووە و لە قەڵای ڕواندز خۆی قایمکردووە کە دەکەوێتە پشت ڕووباری زێ لەسەر لوتکەی چیا، گەیشتن پێی زۆر سەختە، بەچەندین قەڵای ترەوە دەورەی دراوە و قایمکراوە، هەشت هەزار کەس ئەرکی پاراستنیان گرتۆتە دەست. سەرباری ئەوەی هێشتا پارێزگاری لە قەڵای ئامێدی دەکات کە بەهێزتر و بە بەرگریکاترە لە قەڵای ماردین، لە کاتی ئێستادا قەڵاکانی هەولێر و ئاڵتون کۆپری و ئاکرێ لەلایەن ئەنجا بەیرەقدار ئۆغلۆ محەممەدی پاشای موصڵ گەمارۆدراون بە بەردەوامی کاری خۆ ڕادەستکردنیان بۆ دەخەنە ڕوو، بەڵام ڕەتی دەکەنەوە".**(Cunningham 1966: 94).

ئەو قەڵا بەهێزەی کە ڕیچارد وود باسی دەکات، قەڵای کۆنی ڕواندزە کە بە هەمان شێوە عەبدولرەزاق ئەسفەهانی لە1814- 1815ز. باسی دەکات، کە قەڵایەکی زۆر بەهێزە و دەنووسێت: **سێ لای قەڵاکەی چۆمێکی زۆر قووڵە، کە ئەستەمە کەس بتوانێ لێی بپەڕێتەوە** (ئەسفەهانی: 2009: 38-39). لەگەڵ هەمان نووسینەکانی ڕیچارد وود دێتەوە کە ئاماژە بە هەڵکەوتەی شوێنی قەڵاکە دەکات کە لە پشتی ڕووباری زێ دایە، دواتر ناوبراو لەو قەڵایەدا گفتوگۆی دوو-سێ قۆڵی لەگەڵ میر محەممەد پاشای ڕواندز و نێردراوی دەوڵەتی قاجاری ئێران ئەنجامدەدات. هەروەها کە باسی ئەو قەڵایانە دەکرێت کە دەوری قەڵای ڕواندزیان داوە و پارێزگاری لێدەکەن، یەکێك لە پاشماوەی ئەو قەڵا بەرگریکارانە، ئیسقەڵایە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای ڕواندز.

ڕیچارد وود لە کاتی مانەوەی لەناوچەی ڕواندز بە درێژایی مانگەکانی حوزەیران تا ئەیلولی 1836، کە زیاتر لەگەڵ ئوردودی عوسمانی بە سەرۆکایەتی عەلی ڕەزا پاشای والی بەغداد لە دەشتی هەریر ماوەتەوە، ئەمە بێجگە لە نامەکانی کە ڕۆژانە بۆ باڵیۆزخانەکەی لە ئیستانبوڵ نووسیووە، چەند نامەیەکی بۆ میر محەممەد پاشای ڕواندز نووسیووە، لە ڕۆژی 26ی ئابی 1836ز. لە دەشتی هەریر نووسیویەتی:

**"ئەمڕۆ بەیانی هاوڕێیەتی عەلی ڕەزا پاشام کرد بۆ وەرگرتنی قەڵایەك دوای خۆ ڕادەستکردنیان. کە زۆر خۆشحاڵ بوو چونکە کورد زۆر بەرگری و قایمکاریان تێیداکردبوو، دوای ململانێیەکی کورت بە دیلی گیران و لە نێوانیاندا کەسانی خاوەن پایە و ڕێزدار هەبوون، ئەمە بووە هۆکارێك بۆ ڕێگا کردنەوە بەڕووی ڕواندزدا کە ڕێگەی دوو سەعات لە ڕواندز دوورە و هەر ئەمڕۆ سەربازگەکە دەگوازرێتەوە ئەوێ".** (Cunningham:1966, 103-104).

هەر دوای گرتنی ئەم قەڵایە، میر محەممەد نێردراوێك دەنێرێت بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ کە تا کۆتاییەکانی ئەیلولی هەمان ساڵ بەردەوامی دەبێت. ئەوەی جێگەی تێڕامانە زۆربەی هەڵمەتە سەربازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کاری وێرانکاری بوونە بۆ هەڵتەکاندنی بینا سەربازی و قەڵا و قوللە و پردەکان وەك هۆراتۆ ساوسگەیت(Horatio Southgate) کە یەکێکە لەو گەڕیدە ئەمەریکییانەی کە سەردانی شاری زاخۆی لەسەدەی نۆزدەهەم دا کردووە،هەڵمەتی سوپای ڕەشید محەمەد پاشای عوسمانی بیردەهێنێتەوە کە لە دەروازەی شاری زاخۆ پردێکی وێرانبووی بینیووە، بۆ ئەو شوێنەی کە یەکەم شوێنی هەنگاونانی سوپاکەی ڕەشیدا پاشا بۆ سەر قەڵەمڕەوی میرنشینی سۆران بوو، دەنووسێت:

**" لە دەروازەی شاری زاخۆ پردێکی وێرانبوومان بینی کە لەلایەن هەڵمەتەکەی ڕەشید پاشا لەنێوان 1835-1836 وێرانکرابوو، ئەم کاولکارییە لە بیرەوەری خەڵك ماوەتەوە، ناوی سەرکردەی هەڵمەتەکە ڕەشید پاشا لە گۆرانی خەڵك و حەیران و لاواندنەوەی کوردەکان گوێ بیست دەبووم".**(Southgat 1856: 170). ئاماژەیەکی گرنگە بۆ مێژووی ڕووداوەکان بەتایبەتی لە تۆمارکردنی وێرانکاری و توندوتیژی سوپای عوسمانی بەرێگەی مێژووی زارەکی و تۆمارکردنی لە و کاتەدا. لەوانەیە مەبەستی لە پردەکە پردی دەلال بووبێت کە پردێکی گرنگی ناوچەکە بووە و زاخۆی بە ناوچەی ئامێدی و دهۆکەوە بەستووەتەوە.

جەستن پێرکینس لە کۆتا رۆژەکانی گەشتەکەی بۆ شاری ڕواندز باس لە قەڵایەکی بەرزی سەر ڕووباری ڕواندز دەکات، وەك قەڵای ڕواندز و دەنووسێت:

**"چاومان بە پاشماوەی قەڵایەکی ترسێنەر کەوت، کە قەڵای میر محەممەد پاشای ڕواندز بوو، قەڵایەکی بەرزە و لەسەرییەوە تاوەکو بەردەڵانی رۆخی ڕووباری ڕواندز سەد پێ یان سەدو پەنجا پێ بەرزبوو، محەممەد پاشای خوێنرێژ لەوێوە کچەکەی فڕێدایە ناو ڕووبارەکەوە"لی.** (Perkins:1851,95) تا ئێستا پاشماوەی ئەم قەڵایە، بەتایبەتی دیوارەکانی ماون کە کەوتۆتە تەنیشت پێچەکانی ڕواندز کە بۆ ناوەندی شاری ڕواندز دەڕوات و بەسەر پردی ئێستای کاولۆکاندا دەڕوانێت.

### 2.3. ئیسقەڵا (ئیچ قەلا):

ئیسقەڵا دەکەوێتە باکووری خۆرئاوا شاری ڕواندز، تا ئێستا پاشماوەکانی ماون، بە قەڵایەکی بەهێز و بەرگریکاری میرنشینی سۆران دادەنرێت، بەشێك لە گەڕیدەکان سەردانی ئەم قەڵایەیان کردووە، یاخود بە تەنیشتی دا تێپەڕیوون، چونکە ئەوکات لەسەر رێگای ڕواندز-دیانا-سیدەکان بووە، بۆتە جێگەی تێڕامان و وردبوونەوەی گەڕیدەکان لە ئیسقەڵا و پاشماوەکانی، لە رۆژی حەوتی ئایاری 1849ز.دا جەستن پێرکینس لە گەشتەکەیدا بۆ ناوچەی ڕواندز باس لە دیواری بەرگری و تاوەرە بەهێزەکانی شاری ڕواندز دەکات کە دەیپارێزن، و دەنووسێت:

**"شارەکە لە دوورەوە لەلایەن قەڵایەکی بە بەرد دروستکراو دەپارێزرێت. کە لەسەر گردێکی بەرزی گەورەدایە لەم بەری ڕووبارەکەدایە، نزیکەی میلێك لە دووری رەواندز بەرەو باشووری خۆرئاوا {باکووری خۆرئاوا}هەڵکەوتووە، هەروەها هەندێ لە تاوەر و قەڵای هەمە جۆر بە ئاڕاستەی هەمە لایەندا هەیە".** (Perkins:1851,91). لە ئێستادا ئیسقەڵا تاکە قەڵای ئەو سەردەمەیە کە نزیکەی میلێك لە ڕواندز دوورە، هەرچەندە دەکەوێتە باکوری خۆرئاوا نەك باشوری خۆرئاوا، لەلاوانەیە جەستن پێرکینس ئاڕاستەکەی لێ تێکچووبێت یان هەڵەی چاپ بێت.



7ئەم ئاماژەیە بە تورەیی میر محەممەد کە بەهۆی گریانی کچە ساواکەیەوە خەوی لێنەکەوتووە و لە خەرەند فڕیی داوەتە خوارەوە، لە قسەیەکی هەڵبەستراو دەچێت، لەدوای نەمانی دەسەڵاتی میر محەممەد دروستکراوە، لە لایەن خەڵکانێکی ناوچەکە بووبێت کە نێوانیان لەگەڵ میر محەممەد ناخۆش بووە، یان لەلایەن دوژمنە بێگانەکانەوە بووە. (توێژەران).

وێنەی ئیسقەلا (فۆتۆ محمد گەلاڵەیی).

هەروەها فریهێر ڤان تیلەمان لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئاماژە بە پاشماوە شوێنەوارییەکان و رووخانی ئەو قەلایانە دەکات کە کەوتوونەتە باکووری خۆرئاوای ڕواندز، وەك ئیسقەلا، ڤان تیلەمان دەنووسێت:**"بەرەو باشوور{باکوور} دیواری خاپوورکراو هەن کە شارەکەیان پارێزراو کردبوو، ئەمە ئەوکاتەی کە سوڵتان شەڕێکی خوێناوی لە سییەکانی ئەم سەدەیە(سەدەی نۆزدەهەم) لە کوردستان بەرپاکردبوو بۆ گەڕاندنەوەی دەسەلاتەکەی، هەر ئەوجارەبوو توانی بچێتە ناوخۆی ئەو وڵاتە، پێش ئەوەی بخرێتە سەر موصل (ئیالەتی موصل)، کورد دانیشتوانی بنەڕەتی ئەم ناوچەیە، هێشتا هەر لایەکی گرنگە لەسەر سنووری وڵاتی فارس و نێوانێکە لە کاریگەری تورکی و عەرەبی".**(Thielmann 1875: 327).

### 2.4. قەلای ڕایات:

جەستن پێرکینس کاتێك لە سنووری دەوڵەتی قاجاری ئێران لە 4ی ئایاری 1849 دەرباز دەبێت بۆ سنووری دەوڵەتی عوسمانی دێتە ناحیەی باڵەك لە سەنجەقی ڕواندز لە ئیالەتی بەغداد لەگەڵ شارەزوور، دەگاتە ناوەندی ناحیەی ناوبراو کە گوندی ڕایات بووە، کە قەلایەك لە ڕایات لەسەر دەستی میر محەممەد پاشای ڕواندز بنیاتنراوە، لەماوەی 1829 تا 1834 قەلاکە بنیاتنراوە، هەروەها شوێنگەی ڕایات بەهۆی گرنگی سنووری و سەربازی لەسەر زۆربەی نەخشە کۆنەکانی عوسمانی و ئەوروپییەکان ئامادەیی هەیە، بەتایبەتی قەلای ڕایات وەك سەربازگەیەك لەسەردەمە جیاوازەکان سوودی لێبینراوە، جوستین پێرکینس بەم شێوەیە دەنووسێت:

**"گوندی ڕایات قەلایەکی بەهێزی هەیە، کە لەبەرد و قسڵ دروستکراوە، وەکو زۆربەی گوندەکانی تری ئەو دۆڵە کە ڕاستییەکەیەتی کە پێویستییەك بوو لەو شارۆچکەیەدا، قایمکاری کارێکی لە پێشینە بووە، لە ماوەی پانزە ساڵ یان بیست ساڵی ڕابردوودا لە لایەن محمد پاشا یان میری کۆرە (Koor Meer)، کە بەوە ناسراوە کەموکوڕی لە یەکێك لە چاوەکانی دا هەیە، هێزە گەورەکەی ڕوزاندز یاخی بوونی خۆی لە حکومەتی سوڵتانی دوژمن ڕاگەیاندبوو، و کاولکاری بەهەموو شوێنێکی کوردستاندا بلاوکردبۆوە، ترس و تۆقاندنی بەنێو هەموو هاوسنوور و پارچەکانی تری تورکیا و فارسدا بلاوکردبۆوەوە".** (Perkins,1851,85). بەداخەوە نەماتوانی وێنەی پاشماوەی قەلاکەی ڕایات بگرین، دوای ئەوەی لە بەهاری ساڵی 2017 سەردانی ناوچەکەمان کرد بۆ دۆزینەوە وێنەگرتنی پاشماوەی ئەو قەلایە و شوێنەوارەکانی ئەو سنوورە، بەلام لە باکوری ڕایات کەوتینە کێڵگەیەکی مینەوە لە گردە خەزێنە لەبەر ئەوە بۆ پاراستنی گیانی تیمەکەمان کۆتاییمان بە گەڕان هێنا لە سنوری گوندی ڕایات.

### 2.5.قەلای دەرگەڵە:

فریهێر ماکس ڤۆن تیلەمان 1846-1929(Max Von Thielmann) لە گەشتەکەیدا بۆ ناوچەکانی کوردستان، لە ماوەی نێوان تەبرێز و بەغداد بە ناوچەکانی کوردستانی خۆرهەلات و باشووردا تێپەڕیوە، سەرنج و تێبینیەکانی تۆمارکردوون، بەتایبەتی لە ناوچەی ڕواندز چەند تێبینییەکی وردی یادداشتکردووە دەربارەی قەلای دەرگەڵە و ڕواندز و پردی ناوچە جیاجیاکان نووسیویەتی:**" بۆ گەیشتن بە موسڵ بە ڕێگەی ڕواندزدا دوو**

**ڕێگە هەن، یەکەمیان: ڕێگەی باکووری ڕواندز لە سولدوز کە دەکەوێتە باشووری دەریاچەی ورمێ کە دە هەزار پێ بەرزە بەرەو کێلەشین دەڕوات. دووەمیان: ڕێگەی دۆڵی سیدەکانە بۆ ڕواندز، کە شوێنێکی خەیاڵهەژێنە و تا ئێستا نموونەی ئەم شوێنە نەبووە".(Thielmann 1875: 317)** کاتێك لەگەڵ فریهێر ماکس دەست بەگەشتەکەیان دەکەن، مەحمود ناوێك دیارە وەك ڕێپیشاندەر و چاوساغی ناوچەکە لەگەڵیاندا دەبێت، ئاماژە بە ڕێگەی سیدەکان و کێلەشین دەکات، کە ناوچەیەکی سەختە، بەڵام دەردەکەوێت کە شارەزایی لەو ناوچەیەدا نیە، بۆیە بەرێگەی سولدوز و مەهاباد و ڕایات و دەرگەڵە دەیانگەێنێتە ڕواندز، لەسەر نەخشەی هاتنەکەی جوستین پێرکینس لە 1849دا، پێشتر گەڕیدەیەکی سویسری بەناوچەی باڵەکایەتیدا تێپەڕیووە بەبێ ئەوەی ناوی بهێنێت، هەرچەندە فریهێر ئاماژە بەهەبوونی هۆزی زۆر توندو تیژ لەو ناوچەیەدا دەکات کە لە بەهێزترین و توندڕەوترین هۆزەکانی کوردن، بەڵام یەکێك لە هاوڕێکانی بەناوی گرینفیلد بۆی ڕووندەکاتەوە کە ناوچەیەکی ئارامەوە و خۆی چەند جارێك بە تەنیا گەشتی کردووە (Thielmann:1875:318). فریهێر ڕاستەوخۆ دوای بڕینی ڕێگایەکی سەخت باس لە دارستانێکی چڕی گوندی دەرگەڵەی کۆن دەکات، کە ئەوکات شوێنێکی ئاوەدان بووە و دەنووسێت:

**"دوای کاتژمێرێك لە ڕۆیشتنمان گەیشتینە دێیەکی بچووك بەناوی گوندی دەرگەڵە، لایەکی گوندەکە تەنها قەڵایەکی کۆنی هەیە، بە دار و درەختی بەتەمەن سێبەردارکراو........بۆ ڕۆژی دواتر بە بەرزاییەکی بەرامبەر گوندی دەرگەڵە هەڵگەڕاین و شۆڕبووینەوە بۆ ڕواندز".** (Thielmann:1875,324-325). شوێنی ئەم گوندە و قەڵاکەی کەوتوونەتە بەرامبەر گوندی ئێستای دەرگەڵە، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گوندی دەرگەڵە، ئەو ڕێگەیەی کە فریهێر ماکس فۆن تیلەمان پێیدا هاتووە بۆ ڕواندز، لەکاتی کۆن دا پێش دروستکردنی ڕێگەی هاملتۆنی نێودەوڵەتی لە 1928-1932، ڕێگەیەکی سەرەکی بووە بۆ بەستنەوەی ڕێگەی ڕایات-ڕواندز، کە گوندی دەرگەڵەی کۆن کەوتبووە سەر ئەم ڕێگەیە و بە ڕێگەی **گەروێ(دەربەندی) ئۆمەراوێ** بەناوبانگ بووە، هەروەها ئەم ناوچەیە بەهۆی بوونی مینی چێندراو لەلایەن ڕژێمی بەعسی ڕووخاو، بۆ لێکۆڵینەوە و کنە و پشکنینی شوێنەواری ڕێگە پێدراو نییە و مەترسی هەیە.

یەکێکی تر لەو گەڕیدانەی کە پێش فریهێر ڤان ماکس تیلەمان سەردانی گوندی دەرگەڵەی کردووە، جوستین پێرکینسە، کە لەسەرەتاکانی ئایاری 1849 سەردانی گوندی ناوبراوی کردووە و باسی قەڵاکەی دەکات و دەنووسێت:

**"دەرگەڵە کەشێکی خەیاڵ ئامێزی هەیە کە لەسەر لوتکەی شاخێکدا هەڵکەوتووە، کە قەڵایەکی بەهێز و بەشکۆی بڵندی لە کەناری شاخەکەیدا هەیە، دەرگەڵە گوندێکی گەورەیە، لە نێویدا جولەکە نیشتەجێن، دوای بڕینی دووڕیانێك لە چەمێکی بچووك، بۆ سەیرکردنی ئێمە هەندێ منداڵ بەرەو ڕوومان ڕایانکرد و هاتن. پیاوێك بانگی لێکردین کە خانوویان بۆ دڵخوازەکانیان هەیە، بە زمانی سریانی بانگی کردین، کە زمانی قسەکردنیان بوو، ڕووخساریان ئاماژەی ڕوونی بە ڕەگەزی جیاوازیانەوە دەکرد".** (Perkins 1851: 88)

**2.6.قەڵای سیدەکان/شکەنە**

لیهمان-هاوپت لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدە سەردانی ناوچەکەی کرد. یەکەم شوێنەوارناس و گەڕیدەبوو ئاماژەی بە شوێنەوارە بەردینەکان و پاشماوەی شوراکان و ژوورەکانی قەلآی شکەنە کردووە لە گوندی سیدەکان. لە دوای لیهمان-هاوپت مەحمود الامین بەوردی وەسفی پاشماوەی ئەو قەلآیەی کردەوە و نووسیویەتی کە قەلآیەکی بەردینی چوارگۆشەیە( 36x32م). دیوارەکانی زیاتر لە 3 مەتر ئەستورن. (بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە: الامین 1952؛ Marf 2014:14;70).

شاری موصاصیر کە لە نووسینە ئورارتییەکاندا پێی دەگوترا شاری ئەردینی، یەکێك بوو لە شارە کۆن و پیرۆزەکانی ناوچەکە لە سەردەمە کۆنەکاندا، ئەم شارە لە هەزارەی دووەم و نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمدا لە نووسینە بزمارییەکاندا ناوی هاتووە. لە سەدەی 9 تا سەدەی 7ی پ.ز. یەکێك بوو لە شارە پیرۆزەکانی ناوچەکە و پایتەختی ئاینی ئورارتییەکان بوو و پایتەختی سیاسی میرنشینی موصاصیر بوو. پەرستگەی خواوەندی نەتەوەیی ئورارتییەکان خواوەند خالدی لەم شارەبوو. پاشایانی ئورارتی لەم شارە تاجیان لەسەر دەندرا.(بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە: Marf 2015; Radner 2012).

ولیام ئینسۆرپ (William Ainsworth)1807-1896، لە گەشتەکەیدا بۆ ناوچەی ورمێ لە حوزەیرانی ساڵی 1840 ئەوێی بەجێهێشتووە و بەرەو ناوچەی سیدەکان و ڕواندز و هەریر و دواتر زێی گەورە و شاری موصل هاتووە، لە 3 ی تەمموزی 1840 دا دەگاتە دۆڵی سیدەکان و دەنووسێت:

**" گەیشتین بە دۆڵی سیدەکان کە لەلای کوردەکان ئەمەی پێدەوترێت، بەڵام لەلای فارسەکان پێی دەوترێت سیدەکان، لەلای باشووری خۆرهەڵاتییەوە لە ڕووبارێك پەڕینەوە کە یاردێك پان و یاردێك قووڵ بوو، کە پردێکی بەسەرەوە بوو بۆ پەڕینەوە. لەوێ قەڵای سیدەکان هەیە کە زۆر پتەوە و چوار تاوەر(قوللە)ی بازنەیی لەسەر هەرلایەکی گۆشەی قەڵاکە هەیە، لە پێشەوەی قەڵاکەدا بەرهەیوانەك و دەرگایەکی هەیە کە لەلایەن دوو تاوەرەوە پارێزگاری لە قەڵاکە دەکەن، گوندێك لە پێشی قەڵاکەدایە، نزیکەی 100 ماڵێك دەبن، بێجگەلەوەی لەوانەیە ئەو قەڵایەی ئێستا تازە دروستکرابێت، لەوانەیە ئەو بەردانەی کە لە دیواری قەڵاکەدا بەکارهاتوون و ڕووپۆشیان کردووە لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە مابێتنەوە، بەڵام هەر لەوکاتەوە بەهۆکاری وەك باران و ئاووهەوا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ئەو گۆڕانکارییانە زۆر بەئاسانی جیاوازییەکانی بەدی ئەکەی، هۆکاری زۆر هەن بۆ بڕواپێهێنان. کە ئەم شوێن و قەڵایە وێستگەیەك بووبێت لە سەر ڕێگەی گەورەی کۆنی وەك نەینەوا و ئەکباتاناتی ئاو دەڕژێتە ئەو دۆڵە کراوە و فراوانەی کە پڕە لە دار و درەخت کە لەنێوان سەری لینیتکە( Sar Linitka)سەری بەردی، کاتێکی کەمی ڕێگە پێدراوم هەبوو بۆ پشکنین و مەزەندکردنی ئەو نەخش و نیگارەی**

8هەرچەندە ئەم ناوچەیە و دەربەندەکانی ڕێگەی سەرەکی بەستنەوەی ناوچەکانی نێوان نەینەواو و ئازەربایجان و ورمێ بوون، بەلآم ڕێگەی بەستنەوەی نەینەوا و ئەگبەتانا و نەینەوا نەبوون، بەڵکو ڕێگەی نێوان ئەگبەتانا و نەینەوا ڕاستەوخۆ لە دەشتی هەولێرەوە بەرەو کەرکوك و گەرمیان و زەهاو و کرماشان بوو, نەك ئەو ڕێگە سەختە شاخاوییە. (توێژەران).

**که لەسەر ستوونێك نەخشێنراوەنی سەربازەکان لە قەڵاکەوە هاتبوون جەختییان لەسەر بینینی بەڵگەنامە و کاغەزی ڕێگەپێدانەکەیان دەکرد".**(William Ainsworth 1841:67).

### 2.7. ڕوم قەڵا(Rum Kaliah):

ولیام ئینسۆرپ لە درێژەی گەشتەکەیدا ناو و مێژووی چەند قەڵایەکی بە کورتی تۆمارکردووە، لەو قەڵایانەی باسی دەکات، قەڵای ڕوم، یان ڕووم قەڵایە لە بناری چیای برادۆست کە پاشماوەکانی بە تەواوی دیارنین هەروەکو خۆی دەگێڕێتەوە:

**"دکتۆر ڕۆس پێی ڕاگەیاندبووم کە قەڵایەك لە نێو ئەم ڕێڕەوەدا هەیە کە پێی دەوترێت ڕووم قەڵا، بەڵام هیچ پاشماوەیەکم نەبینی بێجگە لە بەردی هەڵومریو و ناشاز نەبێت، و ئەشکەوتێکی زۆر لە تەلانی ئەم چیایە دا(مەبەستی چیای برادۆستە) هەیە"بڕبڕ.** (Ainsworth 1841: 71)، هەروەها لە ئاماژەکردن بەم قەڵایە، باسی ناوی ڕووباری پیر حەسەن دەکات، بەڵام بەپێی بەدواداچوونەکان لە خەڵکی ناوچەکە دەرکەوتووە کە ناوی ڕووبار و گوندەکە بەناوی پیر خەل یان پیر خەلیلە نەك پیر حەسەن, کە گوندێگە دەکەوێتە دامێنی ڕووبارەکە لە نزیك چیای برادۆست بە دیوی دۆڵی خەلان-بیاو لە ناحیەی خەلیفان لە قەزای سۆران. ئێستا ئەم گوندە ئاوەدان نییە، تەنها مەزاری پیر خەل هەیە و خەڵك بۆ سەردان کردنی دەچنە ئەوێ. ئەم پیاوچاکە بەپێی گێڕانەوەی نەوەکانیان لە ناوچەی (شام)ەوە هاتوونەتە بادینان لە دەوروبەری ساڵانی 1262 لە شام هاتوونەتە ئامێدی و دواتر خەلان-بیاو(هەنارەیی: 2015, 121), بەپێی ئەو بەڵگەنامەی بنەماڵەی پیر خەل یان خەلیل کە لەبەردەستی توێژەران دایە، باوکی شێخ خەلیل سێ برای هەبووە لە وڵاتی شام دەرچووونە، بەناوەکانی شێخ عەبدولعەزیز لە شاری مێردین مردووە، شێخ عەبدولرەحمان لە بەغداد نیشتەجێ بووە، بەڵام شێخ عەبدوڵڵای باوکی شێخ خەلیل هاتووە بۆ ناوچەی خەلان-بیاو، ئەم بەڵگەنامەیە نزیکەی سێ سەد ساڵە نووسراوە و لەلای نەوەکانیان پارێزراوە.

### 2.8. قەڵای کەڵەکین و جۆڵەمێرگ(Kalahkin and Kalah Julamerik):

ولیام ئینسۆرپ لە ساڵی 1840 سەردانی ناوچەی هۆزی سوورچییەکانی کردووە، قەڵاکانی ناوچەکەی تۆمارکردووە، دوای ئەوەی سەردانی ڕواندز و چیای برادۆست و خەلیفانی کردووە، بەڵام کنەوپشکنینی بۆم قەڵایانە نەکردووە، تەنها پێیان ڕاگەیاندووە و ئەویش لەوەسفیاندا دەنووسێت:

**"لەدوای دەرکەوتنی نزماییەکانی نێو چیاکانی کوردستان، لە یەکەمین شوێنی ناو ڕێگاکەماندا گردەکانی کانی وەتمان** (HillsofKonitman) **بوو، کە بەداری بەڕوو داپۆشراون. لەم مەودایەدا قەڵایەکی نوێی**

---

9دیارە ستونی نەخشێندرا و نووسراو مەبەستی لە میلی تۆپزاوە بووە، کە نووسینی بزماری لەسەرە و پاشا ڕوسای ئورارتو بە هەردوو زمانی ئاشوری و ئورارتی و بە خەتی مێخی نووسینە شاهانەکەی لەسەر تۆمارکردووە. میلەبەردینەکە ئەو کاتە لە نزیك ئەو قەڵایە بوو چەند سەد مەترێك لەلای باکورییەوە بەچاو دەبیندرا. ئێستا ئەو میلە لە مۆزەخانەی هەولێرە. (توێژەران).

10ئێستا مەبەستی ئەشکەوتەکانی هاودیانە، هەروەها دەگوترێت لەسەر ئەشکەوتەکەوە قەڵایەك هەیە هی میرکەلۆس بووە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاڤان شێخ ئاخیر و کاك ساکار لە گوندی هاودیان).(توێژەران).

**چوارگۆشەیی هەیە کە پێیان دەگوت قەڵای کەڵەکین(Kalahkin) کە لەلایەن هەواڵدەرەکانەوە پێموترا، هەروەها لەلایەن هێسترەوانەکانەوە پێم ڕاگەیاندرا کە قەڵای جۆڵەمێرگ (Kalah Julamerik) یەك لە قەڵاکانی سەر بە ڕواندز بووە، ئەم گردانە بەرەو دەشتی هەریر بردنیانین، لە پشتی ئەمەوە هەندێ گردی بەردەڵانی هەبوو، پێیان دەگوت گارە سورگ/غارە سورغ (Gharah Surgh) بە ئامۆکان(Anoma)دا ڕەتبووین، کە گوندێکی گەورە بوو. ئێمە گەیشتین بە ڕۆخی ڕووباری زێی گەورە، لەوێدا دوو گوند و کەڵەکی ڕۆیشتنی ناو زێیان هەبوو، یەکەم گوند ناوی قەسرۆك بوو(Kasroki) کە لەلای چەپی کەناری زێی گەورەدابوو و، دووەم گوند لەلای ڕاست کە گوندی قەندیل(Kandil) بوو".** (Ainsworth 1841: 72)

2.9.قەڵاکانی دەربەندی گۆمەسپان:

لەگەشتێکی ولیام ئینسۆرپ کە لە بەغداد بۆ ئیستانبوڵ لە ساڵی 1837 دا بەناوچەکانی کوردستانی باشوور بەتایبەتی بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێر و بادینان ئەنجامیداوە، گەشتەکەی ئینسۆرپ لەلایەن جەنراڵ فرانچیس ڕادن چێسنی وەك پاشکۆیەك لە کتێبەکەیدا بلاویکردۆتەوە، کە باسی چەند قەڵایەك لەناوچەی شەقلاوە و گۆمەسپان دەکات، دەنووسێت:


"لە دوای شاری کۆیە گەیشتینە ناوچەیەك بەدوورایی شانزە میل لە شارەکەوە دوور بوو، پێیاندەگوت گوندی سووسە(Susa) و ئەویێمان بڕی، بەدووری بیست و دوو میل لە هەمان شوێنەوە گەیشتینە دەربەند و پەڕینەوە لە چۆڵاییەکی زۆر تەسك و تەنگەبەر کە ڕێگەیەکی تەسك و جۆگەلە ئاوێکی پێیدا دەڕۆیشت، ئەم تەنگەبەرە بە قەڵایەکی بچووك پارێزراوە، کە لەلایەن میری یاخی بووی ڕواندز لە ساڵی 1832 بنیاتنراوە، قەڵایەکی هاوشێوەی تریش هەیە کە چوارگۆشەیەکی بازنەیی هەیە کە تاوەرەکانی لە شێوەی قوولەکانیان لە نزیکەی باکووری خۆرئاوا هەڵکەوتووە. لە دەروازەی دەربەند خۆمان لە گوندێك دۆزییەوە کە پێیان دەگوت بومەسپان(گۆمەسپان_BUMASPAN)، لەو شوێنەدا و لەناو گوندی جوتیارانی سەخاوەت مەند و میوان دۆستانی کورد پاڵمانلێدایەوە.( Ainsworth 1868: 506 ).

**2.10. قەڵای دێری (Deveeree):**

جوستین پێرکینس لەگەشتەکەیدا کە بەناوچەی خەلیفاندا تێپەڕدەبێت بەرەو دەشتی هەریر و گوندەکانی قەندیل و هارەش (Harash) و ناحیەی بایزئاغا لە دۆڵی ماوەران بەنێو دۆڵ و گردۆلکە و بەردەڵانەکانی دەگاتە گوندی بابەجیجیك(Babajeejik) و دەنووسێت:

**" بە درێژایی پانزە میل ڕۆیشتین.لە نیوەی یەکەمدا هەنگاومان نا بەرەو باشووری خۆرئاوا و لە نیوەی کۆتایی بەرەو نزیکە لە خۆرئاوا و بەسەر ناوچەیەکی وێرانە کە بەسەر بەرزاییەکانی خواروی بابەجیجك بە نێو دۆڵێکی قووڵ و بەردەڵانی ڕۆیشتین. ئەو دۆڵەی بۆی چووین ڕووبارێکی پان و بەرین بەشێوەیەکی ڕووبار بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەڕژایە زێی گەورەوە، ئەو دۆڵە و ڕووبارە پێی دەڵێن دارە بێروش(Dara Beeroosh)**

**قەڵایەکی لێیە لەسەر گردێکی گەورەی تەختی بەردەڵانی میلێك لە باشووری ڕێگەکەماندایە، ئەم قەڵایە دیریێ (Deveeree)ی لە خۆگرتووە، یەکێك لە شوێنی مانەوەی یاخیبووەکانی محەممەد پاشای ڕواندزی یاخی بوو، بۆ بەرگریکردن دژ بە تورکەکان".**( Perkins 1851:102).




وێنەی قەڵای دێریێ(فۆتۆ دڵشاد زاموا).

**3-قونگرە(تاوەر-بورج)ەکان:**

زۆربەی گەڕیدەکان کە هاتوون بۆ ناوچەی ڕواندز دەربارەی قوللە و قونگرەکانی سەردەمی محەمەد پاشای ڕواندز نووسییویانە، یەکێ لە گەڕیدەکان ولیام ئینسۆرپ بوو دەربارەی تاوەرەکانی چاودێریکردن(قولە) دەنووسێت:

**"شارەکە لەلایەن چەند تاوەرێکی بازنەیی لە سەر زەوی دەپارێزرێت، بەگی ڕواندز چەند تۆپێکی هەیە، هەندێ تاوەری بازنەیی لە دەرەوەی شار هەن، دووانیان لە سەر لای خۆرهەڵاتی شارەکەدان، لە دۆڵەکە دوو تاوەر هەبوون لە نێوان قەڵا و باکوور و دۆڵی ڕووبارەکەدا، دوانی تریش هەبوون، دوویتریش هەر لە کۆنەوە هەبوون و دیوارەکانیان لەسەر زەوی دیاربوون".**(Ainsworth 1841:69).

**4. پردەکان:**

گەڕیدەکانی سەدە کۆنەکان زۆر بە دەگمەن باسیان لە پردەکانی ناوچەکە کردووە، خۆشبەختانە یەکێك لەوانەی بەوردی وەسف و پێوانەی پردە بەرزەکەی دەربەندەگەورەی کردووە قەلقەشەندی بووە.

**4.1. پردە سێ تاقییەکەی دەربەندە گەورە**

قەلقەشەندی بەم شێوەیە باس لە یەکێك لە پردە کۆنەکانی کوردستان دەکات، ئەو دەڵێت لە دوای شارۆچکەی شەعلاباد و شارۆچکەی دەشت (واتە لە دوای شەقلاوە و شاری دەشت لە هەریر) دەربەندە گەورە دێت و، بەم شێوەیە وەسفی پرد و دەربەندەکە دەکات:

***"دەربەندە گەورەکە (الدربند الکبیر) شوێنی تایەفەیەکە پێیان دەوترێت شەهریە، بە چەتەگەری ناسراون، ئەوانە قەومێکن ژمارەیان ناگاتە هەزار کەس، و شاخەکانیان سەختە و کەس نایگاتێ و دەربەندەکەیان لە نێوان***

***دوو شاخی زۆر بەرزدایە کە ئاوی رووباری زێی گەورەی پێدا دەڕوات، نووسەری کتێبی مسالك الابصار دەڵێت پردێکی سێ تاقی هەبووە، دوو تاقیان بە بەرد و قوڕ دروستکراون و ئەوەی ناوەڕاستیان چندراوە بە تەختە وەك حەسیر و بەرزییەکەی لەسەر رووی ئاوەکەوە 100 باڵ بەرزە و درێژییەکەی لە نێوان هەردوو چیاکەدا 50 باڵە و بەرینییەکەی 2 باڵە، مرۆڤ و ئاژەڵەکانیان بە حوشتر و ئەسپەکانیانەوە بەسەریدا دەپەڕنەوە و پردەکە بەرز دەبێتەوە و نزم دەبێتەوە، ئەوەی بەسەریدا دەپەڕێتەوە ژیانی خۆی دەخاتە مەترسی و سەرکێشییەوە، لەسەر ئەم پردە، شەهرییەکان ئێشکگرانە وەردەگرن، ئەوانە خەڵکی فێڵباز و تەڵەکەبازن و گەشتیار ناتوانێت رێگرییان لێبکات و میرێکی خۆیان هەیە، بەرپرسەکەیان نامە و نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ دیوانی سوڵتانی وڵاتی میصر هەیە.***"(القلقشندی، 1919، ج.4،:375).

ئەو پردەی قەلقەشەندی ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت لە دەربەندە گەورەکە(دربند الکبیر)دا بووە و، لەسەر رووباری زێی گەورە دروستکراوە و سێ تاقی هەبووە، دیارە شوێنێکی ستراتیجی گرنگی هەبووە. دەربارەی شوێنەکەی دەبێت دوو بۆچوون بخەینەڕوو، لەبەر ئەوەی قەلقەشەندی دەڵێت لە نێوان شارۆچکەی دەشت و شارۆچکەی خوفتیانە، دەبێت شوێنەکەی لە نێوان (دەشتی هەریر) و (دەشتی دیانا) دا دابنێین. ئەگەر وا دابنێین دەربەندە گەورە مەبەستی گەلی عەلی بەگە، ئەوا ئەو پردە دەبێت لە زارگەلی یان لەسەر روباری خەلان بووبێت، هەرچەند قەلقەشەندی دەڵێت لەسەر رووباری زێی گەورەیە، لەم بارەدا تەنها لەوانەیە مەبەستی یەکێك لە لقەکانی زێی گەورەبووبێت وەك روباری خەلان یان رواندوز و بالکیان. بەڵام دەشێت قەلقەشەندی مەبەستی ئەوەبێت کە پردەکە لە دوای شەقڵاوە و شاری دەشت دێت، ئەگەر لەم بارەدا لێی بڕوانین ئەوا دەربەندە گەورە، دەربەندی قەندیلی ئێستایە کە رووباری زێی گەورەی لە بەخمەوە پێدا تێپەڕدەبێت بۆ دەشتی ئاکرێ-زرارەتی، لە دەربەندی قەندیل لە هەمان شوێنی پردەکەی ئێستا شوێنەواری پردی کۆن و ئاسەوار هەن. بەم شێوەیە لەوانەیە شوێنەوارەکەی لە شوێنی هەمان پردی ئێستای قەندیل بێت کە ناوچەی ئاکرێ بە هەریرەوە دەبەستێتەوە. لە وەسفی پێوانەکەیدا دەردەکەوێت کە پردێکی گەورەبووە و ئەگەر هەر پێوانەی باڵێك بە نیو مەتر دابنێین، ئەوا پردەکە نزیکەی 50 مەتر بەرزبووە و 25 مەتر درێژبووە و یەك مەتر پان بووە. گرنگ دەبێت ئەگەر شوێنەواری ئەم پردە دیاری بەکرێت. (دەڕواندرێتە وێنەی 3).



وێنەی 3: دەربەندی قەندیل و پردە گرنگەکەی لەسەر رووباری زێی گەورە لە خوار بەنداوی بێخمە، ئەم پردە دەشتی هەریر بە دەگەری ئاکرێ دەبەستێتەوە، لەوانەیە ئەو پردەی (دربند الکبیر) کە قەلقەشەندی باسی کردووە لەم ناوچەیە بووبێت.(فۆتۆ: دڵشاد زاموا).

**4.2. پردی کاولۆکان:**

پردی کاولۆکان لە سەدەی نۆزدەهەم زۆرترین سەرنجی گەڕیدەکانی ڕاکێشاوە، چونکە تاکە پرد بووە بۆ بەستنەوەی ڕواندز بە شارەکانی تر، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ڕواندز کە هەر سێ لای شارەکە خەرەندە، عەبدولرەزاق ئەسفەهانی لە 1230 کۆچی (1814-1815) دەربارەی پردی کاولۆکان دەنووسێت:

**"پەڕینەوە لە رووبارەکە بەمشێوەیە، کە ئەگەر بیانەوێ لەوێوە بێتە ناو شارەکەوە، لەمبەر و ئەوبەری رووبارەکەوە و لە بەرامبەر یەکتر دوو شاخ هەڵکەوتووە کە لە نێوانیاندا پردێك هەڵبەستراوە و لەو پردە دەپەڕنەوە. کەسێك کە ئەم پردەی دیبوو، دەڵێ ئەگەر ئەو دوو لەتە شاخە و ئەو دوو لوتکە بەرزە نەدەبوو، کەس نەیدەتوانی بپەڕێتەوە"**.(ئەسفەهانی: 2009, 39). مەبەستی لەو دوو لەتە شاخە ئەو شوێنەیە کە ئەمسەر و ئەوسەری پردەکەی لەسەر بنیاتنراوە.

ولیام ئینسۆرپ لە 1840 سەردانی ڕواندزی کردووە بە چەند دێڕێك وێنای گەیشتن بە ڕواندز و پردی کاولۆکان دەکات و دەنووسێت:**"بەرەو دۆڵێك شۆڕبووینەوە و بەسەر پردێکدا پەڕینەوە کە کەندەڵانی بوو. کە رووبارەکە تەنها دە یارد پان و یەك مەتر قووڵ بوو، لەدووری بیست پێ لە خواری ئێمەدا دەورانی هەبوو".**(Ainsworth:1841: 69).

هەروەها جەستن پێرکینس لە ئایاری ساڵی 1849ز.دا دەڵێت لەسەر پردێك لە رووباری رواندز پەڕینەوە و چووینە ناو رواندز. (Perkins:1851,94).



وێنەی پردی کاولۆکان و ڕواندز (فۆتۆ دڵشاد زاموا).

لە کاتی گەیشتنی فریهێر ماکسی ئەڵمانی بۆ سنووری دەوڵەتی عوسمانی، دوای پەڕینەوەی لە سنوورەکەدا باس لە پردەکانی ڕواندز دەکات، بە بێ ئەوەی ناوی پردەکان یان گوندەکان یان ڕووبارەکان بنووسێت، بەڵکو دەنووسێت: **"پردە بەهێزەکانی ڕواندز"**(Thielmann:1875: 324) دیارە باس لە پاشماوەی هەندێ لەو پردانە دەکات کە میر محەممەدی پاشای ڕواندز لەکاتی فەرمانڕەواییەکەیدا پرد و قەڵایەکی زۆری لەناوچەکەدا دروستکردبوون.

### 4.3. پردی کۆنی دەربەند

جەستن پێرکنس لە درێژەی یادداشتەکانی دا ئاماژە بە چەندین پردی سەر ڕێگای گەشتەکەی دەکات، لەوانە ئاماژە بە پردێك دەکات کە بەدووری چوار میل لە چۆمان دوور بووە و ئێستا پێی دەڵێن پردی کۆنی دەربەند، پێرکنس دەنووسێت:"**دوای هاتنە ناوەومان بۆ خوارووی کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری ڕواندز(شێخی باڵەکان) بە نزیکەی چوار میل، لە ڕووبارەکە بەسەر پردێکدا پەڕینەوە کە سەرەوەی بە تەختەی دار ڕووپۆشکرابوو، لەگەڵ دوو دار بە لەیەکتردابڕینی کە پێوەلێکنراو لەگەڵ بەرد و لم**".(Perkins 1851: 87).

### 4.5. پردی ئۆمەراوە(Omarava):

جەستن پێرکنس لەدوای بەجێهێشتنی قەڵا و گوندی ڕایات و چۆمان و ڕێزان بە کەناری ڕووباری ڕواندزدا دێت بەرەوخوار بۆ ناوچەکانی نزیك لە ڕواندز، لە پردی ئۆمەراوە دەپەڕێتەوە و بەمشێوەیە وێنای دەکات:

**"هەر لە لێژبوونەوەمان بەرەو کەناری باشووری خۆرهەڵات، سێ گوندمان تێپەڕاند، یەکێکیان لەلای خۆرهەڵات و دووەمیشیان لەلای خۆرئاوای ڕووبارەکەدابوون کەناوەکانیان چۆمان(Choman)، ڕێزان(Rizan) و(ئۆمەراوە-Omarava) ئۆمەراوە بوون. لەدوا گوندی سەرەوە کە ناومهێنا (ئۆمەراوە) بەسەر پرێدك دا پەڕینەوە کە پردێکی تەختەداری بەهێزی پاڵپشتیکراو بە بەردی ڕۆخی ڕووبارەکەوەبوو... کە ئەو کەڵە بەردانە لە ڕۆخی هەردوو بەری ڕووباری ڕواندز چەقیون، هەروەها دوو پایەی/ستوونی لەناو ڕووبارەکەدا هەیە".** (Perkins 1851:87)

### 4.6. پردی چۆمەرخین(Chamarakin):

لە 5ی ئایاری 1849ز.دا جوستین پێرکینس لە خۆرهەڵاتی ڕووباری ڕواندز دەپەڕێتەوە بەرەو باشووری ڕووبارەکەدا هەنگاوەکانیان بەردەوام دەبێت بۆ گوندی چۆمەرخین لە ناحیەی وەرتێی سەر بە قەزای ڕواندز لە ئێستادا، هەروەها ئاماژە بە ڕێگەی هاتنیان دەکات کە لە ڕووباری سەرەکی لایانداوە، ڕووبارێکی بچووك بە بەردەدم گوندی چۆمەرخیندا تێپەڕ دەبێت کە ئەویش ڕووباری دۆڵی خانەقایە و دەرژێتە ڕووباری شێخی باڵەکان کە جەستن پێرکنس و گەڕیدەکانی تر بە ڕووباری ڕواندز ناوی دەهێنن، جوستین پێرکینس دەنووسێت:"**هەمان پردەکەی ئۆمەراوە لەوێشدا(چۆمەرخین) هەیە کە بە تەختەی دار سەریگیراوە و دوو ستوون کە پردەکەیان ڕاگرتووە لە نێو ڕووبارەکەیدا هەن**".(Perkins1851:88).

### 4.7. پردی خەلیفان(Khalifan):

جوستین پێرکینس دوای بەجێهێشتنی ڕواندز بەرەو دەشتی هەریر بەڕێکەوت و بەسەر پردێکدا پەڕیوەتەوە کە پێدەچێت پردەکەی گوندی خەلیفان بووبێت، پێرکینس دەنووسێت:**"ئێمە لەسەر ڕۆخی ڕووباری خەلیفان بە درێژی خۆرهەڵات بۆ خۆرئاوای ڕووبارەکە بەسەر پردێکی لاواز کە پاڵپشت دەکرێت بە دوو پایە/ستوونی بەردین پەڕینەوە و دوو میلی ڕێگەکەمان بڕی و دوای ئەوەی گوندی خەلیفانمان بڕی بە دووری نیو میل لەسەرووی ڕووبارەکەدا، ئەمە تەنها گوندە کە تا ئێستا بینیوومە"**. (Perkins1851:97)

### 4. میلە بەردینە نووسراوەکان:

زۆر بەکەمی گەڕیدەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ئاماژەیان بە میلە بەردینە نووسراوەکانی ناوچەکە کردووە، بە پێچەوانەوە گەڕیدەکانی سەدەی نۆزدە و دواتر زۆر باسیان لە میلە بەردینە نووسراوەکان کردووە. یەکێك لە دەگمەنترین ئاماژەکان بە میلە نووسراوە مێخییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئاماژەکەی قەلقەشەندییە کە باس لە سێ میلی بەردینی نووسراو دەکات لە چیاکانی نێوان شنۆ و باڵەکایەتی.

### 4.1. میلە ئورارتییەکانی مێرگە کاروان و کێلەشین و تۆپزاوە:

میلە ئورارتییەکان یەکێکن لە کۆنترین ئەو شوێنەوارانەی ناوچەکە کە لە تۆماری گەڕیدەکاندا باسکراون. قەلقەشەندی کاتێك باس لە هەرێمە کوردییەکان دەکات، باس لە سێ میلی بەردینیش دەکات، بەپێی دابەشکردنەکەی قەلقەشەندی بەشی چواردەیەمی وڵاتی کوردان پێکهاتووە لە:

***"ماژکرد و رستاق و مرت و جەبەل جەنجەرەین (خەنجەرەین؟) کە لە لای راستەوە بەسەر ئەشنە(شنۆ) دا دەروانێت، ئەو ناوچە شاخاوییە شوێنی تایەفەیەکە بەشێکیان پێیان دەڵێن زەرزارییەکان، دەگوترێت ئەمانە لەو عەجەمانەن کە بوونەتە کورد،تێر ئەو شاخە زۆر سەخت و بەرزە، زۆر ساردە، لەسەر شاخەکە سێ میلی بەردین هەن. درێژی هەر یەکێکیان 10 بستە، و پانییەکەی حەوت بست دەبێت. لە بەردێکی شینباو دروستکراون.***

11لەم جۆرە چیرۆکانە تا ئێستاش هەر باس دەکرێن کە هەندێك لە هۆزەکان یان کەسایەتییەکانی کورد بنەچەی خۆیان دەبەنەوە سەر عەرەب و فارس و تورك، بێگومان تا ئێستاش زۆرێك لە هۆزەکانی باشوری کوردستان بەهەڵە چیرۆکی وا بۆخۆیان دروستدەکەن کە لە تورکیا یان ئێرانەوە هاتوونەتە باشوری کوردستان، تەنانەت ئەگەر یەکێك هەموو ئەو چیرۆکانە کۆبکاتەوە وا تێدەگەیت کە باشوری کوردستان چۆڵەوانییەك بووە! بەڵام ئەم جۆرە چیرۆکانە زۆربەیان بنەمای مێژووییان نییە و، هەروەها بە هەزاران بنەماڵەی کورد خۆیان بە شێخ و سەید و نەوەی پێغەمبەر دەزانن و لەراستیدا ئەمەش لەرووی مێژووییەوە بنەمایەکی نییە و، بەشێکی زۆریان چیرۆك هۆنینەوەن. دەربارەی ئەوەی کە زەرزارییەکان عەجەم بووبێتن و دواتر بوونەتە کورد جێگەی باوەڕکردن نییە، چونکە زەرزارییەکان چەند سەدەیەکیش پێش قەلقەشەندی لەلایەن یاقوتی حەمەوییەوە باسکراون نەك تەنها لە ناوچەی شنۆ و باڵەکایەتی بەڵکو وەك یاقوتی حەمەوی نووسیویەتی شاری خوفتیان (دبۆرەی نزیك هاودیان) شاری زەرزارییەکان بووە و، لە شوێنێکتردا یاقوت نووسیویەتی ئەو شارە هەموویان کوردن. (بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە یاقوت الحموی 1977، ج2، 45، 379-380).

***لەسەر هەر میلە بەردێك نووسینێك هەیە، بە تێپەڕبوونی كات نووسینەكان سڕدراونەتەوە. خەڵكی ناوچەكە دەڵێن ئەو میلە بەردینانە بۆ ئاگاداركردنەوە لەوێ دانراون و چیرۆكی ئەوانە دەگێڕێتەوە كە بە هۆی بەفر و سەرمای هاوینەوە لەوێ مردون، ئێستا زەرزارییەكان لە خوارەوەی شاخی جەنجەران پاسەوانی (دەربەندەكە) دەكەن و ئێشكگرانە وەردەگرن نووسەری كتێبی "مسالك الابصار"دەڵێت: ئەم زەرزارییانە میرێكیان هەبوو كە قسەی هەموویانی یەك دەخست، ناوی نەجمەدین باشاك بوو، دوای خۆی كوڕەكەی جەیدە، پاشان كوڕەكەی كە ناوی عەبدوڵڵا بوو لە جێگەی باوكی بووە میر. هەروەها میری تریان هەبوو وەك حوسام شێر الصغیر و كوڕەكەی كە ناوی باشاك بوو، و میری تریش هەبوون. و نووسەری مسالك الابصار دەڵێت: دەستەیەكی كەم لە زەرزارییەكان بە ناوی گوندەكەیانەوە ناونرابوون باڵەكان، ژمارەیان نزیكەی سێ سەد پیاوێك دەبێت بۆ خۆیان بەتەنیا لە شوێنێكن دەژوانێت بەسەر عوقبەتولحان (عقبە الحان) دا، لەوێ ئێشكگرانە وەردەگرن.***" (القلقشندی، 1919، ج.4: 376-377).

هەروەها قەلقەشەندی باس لە هۆزی زەرزراری و میرەكانیان دەكات. پاشان دێتە سەر باڵەكییەكان و گوندەكەیان و ئەو شوێنەی كە ئێشكگرانەیان تێدا وەردەگرت كە بەسەر ئاوەدانییەكدا روانیویەتی ناوی عوقبەتولحان بووە. (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی باڵەكیان و عوقبەتولحان دەڕواندرێتە سەرەوە لە باسی شار و گوندەكاندا). دەربارەی زەرزارییەكان، دەبینین پێنج سەدە دوای قەلقەشەندی و لە كۆتایی سەدەی نۆزدەدا لیهمان-هاوپت(Lehmann-Haupt) سەردانی شوێنەوارەكانی ئەم ناوچەیەی كردووە و باسی لە هەمان هۆزی زەرزاری كردووە، بەس ئەم بە شێوەی زەرزا ناوەكەیانی تۆماركردووە.(بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە Lehmann-Haupt 1910, p.248Marf 2014:13, note:7;).

ئەوەی لێرەدا گرنگە بیینەوە سەری، باسی میلە بەردینەكان و نووسینەكانیانە، لەگەڵ ئەوەی ئەم ئاماژەیەی قەلقەشەندی زۆر گرنگە، بەڵام لەوەوپێش كەس گرنگییەكی وای پێنەدابوو تا شوێنەوارناس دلشاد مارف بۆ یەكەمجار تێبینی ئەوەی كرد كە پێدەچێت لە باسكردنی ئەو میلە بەردینانەدا قەلقەشەندی مەبەستی میلە ئورارتییەكان بوویێت كە لەو ناوچەیەدا تا نیوەی سێیەمی سەدەی بیستەم هەر لە جێگەی خۆیان مابوونەوە (Marf 2014:14).

دلشاد مارف بەراوردی نێوان ئەو پێوانانەی میلەكانی كردووە كە لەلایەن قەلقەشەندییەوە باسكراون و بەراوردی كردوون بە پێوانەی هەر سێ میلەكانی كێلەشین، تۆپزاوە و مێرگە كاروان و، گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە مەبەست لەو میلانەی كە قەلقەشەندی باسیكردوون هەمان ئەو میلە ئورارتییانەن كە لەو ناوچەیەدا لەلایەن پاشا ئورارتییەكانەوە (پاشا مینوا و ئیشپوینی و پاشا روسا) لەسەر ئەو ڕێگە بازرگانییە گرنگە دانراون كە بەرەو شاری موصاصیر دەڕۆیشت، ئەم شارە بە زمانی ئورارتی و زمانی خەڵكی ناوچەكە پێی دەگوترا ئەردینی، جگە لەوەی پایتەختی ئاینی ئورارتییەكان بوو و پەرستگەی خواوەندی نەتەوەیی ئورارتییەكانی لێ بوو هەروەها پایتەختی میرنشینی موصاصیریش بوو، شوێنەواری موصاصیر لە ناوچەی ئەمڕۆی گوندی سیدەكان-مجێسەرە ( Marf 2014 ; Marf 2016). هەروەها دڵشاد مارف پێیوایە كاتێك قەلقەشەندی وتوویەتی نووسینەكانی سەر میلەكان ناخوێندرێنەوە و كاڵ و تەنكبوونەتەوە، لەبەر ئەوەبووە كە نووسینەكان بە خەتی مێخی و زمانی ئاشوری و ئورارتی نووسرابوون و، لەسەردەمی قەلقەشەندی دا كەس نەیدەتوانی ئەو

خەت و زمانانە بخوێنێتەوە، لەبەر ئەوە پێیان وابوو کە نووسینەکان سڕدراوەتەوە و ئاو و هەوا و باران و بەفر نووسینەکەی کاڵ و تەنککردووە و بۆیان نا خوێندرێتەوە.

پێنج سەدە دوای قەلقەشەندی، لە ساڵی 1827، گەڕیدە و قەشەی نەمساوی شولز سەردانی ناوچەکەی کرد، لە گرنگترین کارەکانی شولز گەڕان بوو بەدوای شوێنەوارەکۆنەکانی ناوچەکە و تۆمارکردنیان. ئەو گرنگی زۆری بە پاشماوەی شوێنەوارەکانی ناوچەی وان و هەکاری و برادۆست دەدا. لەبەر ئەوە هەوڵیدا کە نووسینە مێخییەکانی سەر میلی کێلەشین کۆپی بکات و قاڵبیان لێ دروستبکات و قاڵبەکان بگوازێتەوە بۆ وڵاتەکەی تا بەوردی نووسینەکانی سەر میلەکە بخوێننەوە ( Marf 2014:14) الامين 1952: 64). ئەم هەوڵەی شولز بە یەکەم هەوڵی تۆمارکردن و خوێندنەوەی نووسینە مێخییەکان دێت لە ناوچەکانی کوردستاندا، تەنانەت ئەوکاتە کەس نووسینە مێخییەکانی نەخوێندبووەوە، بەڵام لە ڕووداوێکی نەخوازراودا لەو ناوچە سنورییە شولتز لەلایەن چەکدارانی هۆزێکەوە کوژرا، وا باس دەکرێت کە خەڵکی ناوچەکە پێیان وابووبێت شولز سیخوڕە، بەڵام نهێنی کوشتنەکەی و گۆڕەکەی هەر لە هەمان ناوچەدا مانەوە. دوای کوژرانی شولتز هەندێك لە بەرهەمەکانی دەربارەی شوێنەوارەکانی ناوچەکە لە چەند کتێب و وتارێکدا بلاْوکرانەوە. ( بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە: (Marf 2014:14). لە دوای شولز، راولینسن لە ساڵی 1841، خانیکۆف لە 1852، بلاو لە ساڵی 1858، دی مۆرگان لە ساڵی 1890، لیهمان هاوپت لە ساڵی 1893 سەردانی میلی کێلە شین و تۆپزاوەیان کرد. (بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە Marf 2014:14ff; الامين 1952: 64; Lehmann-Haupt 1926: 288-308; Lehmann-Haupt 1910: 241-261;

## 6. چەکسازی و تۆپ دروستکردن لە شاری ڕواندز:

### 6.1. تۆپەکانی میرنشینی سۆران

عەبدولرەزاق ئەسفەهانی لە 1230 کۆچی بەرامبەر بە 1814-1815 زاینی سەردانی شاری ڕواندزی کردووە، هەر چەندە باس لەوەناکات چ ڕێگەیەکی گرتووەتەبەر بۆ گەیشتنە ناوچەی ڕواندز، هەروەکو بەشێك لە گەڕیدەکان بە کورتی و هەندێکیان بە درێژی ئاماژەیان بەو ڕێگانەیان کردووە، ئەسفەهانی بە وردییەکی کورت باس لە بنیاتنانی قەڵا و قوڵە سەربازییەکانی میرنشینی سۆران لە ناوچەی ڕواندز دەکات، کە سەروبەندی دەسەڵات وەرگرتنی میر محەممەد پاشای ڕواندز بووە. ئەسفەهانی دەنووسێت:

**"گەورەی ڕواندز پیاوێکی ژیر و زانا و جوامێر و دەست و دڵ کراوەیە، خاوەنی دەوڵەت و سامانێکی زۆر و زەوەند و خزمەتکار و چەکدارێکی زۆرە،... بەشێوەیەك کە لەوکاتەی من سەردانی ئەو ناوەم دەکرد، خەریکی دروستکردنی تۆپ و قەڵای پتەو بوو. وەك دەڵێن بەڵێنەکانی دەهێنایە دی و ئەوەی بیگوتایە، ئەنجامی دەدا."** (ئەسفەهانی: 2009: 37).

ئەم زانیاریانە بەڵگەیە لەسەر دروستکردنی قەڵای سەربازی و پەرەدان بە پیشەسازی خۆرسکی کوردستانی هەرچەندە کارێکی بچووك بووبێت بێت، بەتایبەتی لە بواری چەکسازی تۆپ و تفەنگ و باررووتی تۆپەکان لەسەردەستی وەستا ڕەجەب و هاوەڵەکانی. کە ئەوکاتە ناوبراو ڕۆڵێکی کارای لە دروستکردنی تۆپەکانی میرنشینی سۆران هەبوو، کە دواتر لە پاشماوە شوێنەوارییەکانی ناوچەکە بە تۆپەکانی وەستا ڕەجەب ناسراون،

هەروەها بەڵگەیەکی باش لە هەبوونی دەوڵەت و سامان و ژمارەی زۆری چەکداری(میرنشین) دەکات. کە ئەم سێ گوزارشتە: دەوڵەت، سامان و سەرمایە و، هێزی سەربازی، بنەمای سەرەکین لە بنەماکانی دەوڵەت لەسەدەی نۆزدەهەم و سەدەکانی پێشووتردا. ئەم بنەمایان لە میرنشینی سۆران ئامادەییان هەبووە، بێجگە لە بەهێزبوونی میرنشینی ناوبراو، لەلایەکی تر بۆتە هۆکاری گەشەکردن و ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی قەڵا و پرد و قولەی نوێ لە ژێر دەسەڵاتی میر محەممەد پاشای ڕواندز دا، کە تا ئێستا شوێنەوارەکانیان ماون.

### 6.2.خەنجەری کوردی ڕواندز

فریێهێر ماکس ڤۆن تیلەمان باس لە کاراونسەرای ڕواندز دەکات، زۆر پاك و خاوێن نەبووە، هەرچەندە ناو شاری ڕواندز کە پێی دەگوترێت شار، بەڵام وەك گوندێکی گەورە دەبیندرێت، هەروەها بازارێك پڕ لە پێڵاوی کارکردن کە ڕەنگیان زەرد و سوور بووە، کە خواستێکی زۆریان لەسەر هەبووە، ئاماژە بە هەڵکەوتەی شاری ڕواندز دەکات کە هەر سێ لای ڕووبارە کە دەیپارێزێت، کە گوزارشتە لە خەرەندی ڕواندز, لە گەشتەکەیدا باسی خەلیفان (Chalifan) دەکات کە دەکەوێتە خۆرئاوای شاری ڕواندز بە ئاوەدانییەکی بچووك وەسفی دەکات. (Thielmann 1875: 327-326).

هەروەها فریێهێر ماکس ڤۆن تیلەمان لە ئاماژەدان بە چەکسازی کوردستان، باس لە دروستکردنی خەنجەری کوردی لە ڕواندز دەکات و دەنووسێت:**"ئارەزووی کڕینی خەنجەری چەماوەی کوردی بووم، کە زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بوو بۆ ئەوەی بیکڕین، بیرمان لەوە کردەوە کە چەند دانەیەکی لەسەر بگرینەوە، کە چەکێکی بە سوودە و زۆر دڵخۆش بووین"**. (Thielmann 1875: 327-326). ئەم وەسفەی بەرهەمی چەکسازی خۆماڵی کوردی لەدوای ڕووخانی میرنشینی سۆران بە نزیکەی سی و پێنج ساڵ, ئینجا ئەمجۆرە لە بەرهەمهێنانی چەکە کە دەخرێتە سەر پشتێنی پیاوان، کە زیاتر بۆ جوانکاری بەکاردێت، هەروەها گرانی و هەرزانی بۆ جۆری چاکی و خراپی خەنجەرەکە دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە بابەتی دەسکی خەنجەر, کە جوانییەکی زیاتر دەبەخشێتە ئەو چەکە.

### کۆتایی و دەرئەنجامەکان

ئەم توێژینەوەیە یەکەم هەوڵی گشتگیرە کە بۆ توێژینەوە و ساغکردنەوەی شوێنەواری ئەو شار و گوند و مزگەوت و کەنیسە و پرد و قەڵا و قوللە و دەربەندانەی ناوچەکانی هەریر-ڕواندز-برادۆست کە لە تۆماری گەڕیدەکانی سەدەکانی 11-19ز.دا باسکراون. لە کۆتاییدا ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە چەند دەرئەنجامێك:

13. ناوچەکە لە سەدەکانی 11-19ز. دا ناوچەیەکی ئاوەدان بووە و کەوتووەتە سەر ڕێگای بازرگانی نێوان ئەربیل-مەراغە-تەبرێز. لە ناوچەی هەریر-ڕواندز-برادۆست(سیدەکان)دا ژمارەیەك شار و شارۆچکەی ئاوەدان و پڕ بەرهەم و کالا هەبوون و جگە لەلایەنی کشتوکاڵی سەنتەری بازرگانی گرنگ بوون. وەك شارۆچکەکانی شەقلاباد، دەشت و، تەلە هەفتون (خفتیان). جگە لە بوونی چەند دێیەك وەك بالکیان و عوقبە ئەلحان و دەرگەڵە، رایات، و حاجی ئۆمەران کە لە تۆمارەکاندا ناویان هاتووە.
14. تۆماری مێژوونووس و جوگرافیاناسەکانی سەدەکانی 11-19ز. گەنجینەیەکی گرنگن بۆ تێگەیشتن لە شوێنەوار و نووسین و وردەکاری بیناسازی و شێوازی شارەکان و پردەکان و دەربەندەکان. تەنانەت

ئاماژەی گرنگی تێدایە دەربارەی لایەنی شارستانی و کورد و هۆزە کوردەکان و ناویان. ئەم زانیارییانە سەرچاوەی گرنگ دەبن بۆ باسکردنی شوێنەوارەکان. لەبەر ئەوە پێشنیاردەکەین کە پسپۆڕانی بواری شوێنەوار گرنگی زیاتر بە توێژینەوەی تایبەت بە شوێنەوارەکانی ناوچەکە و شوێنەوارەکانی بدەن. بەتایبەت تۆماری گەڕیدەکان و باسکردنی ناوچە شوێنەواری و کەلەپورییەکان.

15. ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ ساغکردنەوەی شوێنەوارەکان و پاشماوەکانیان. گرنگ دەبێت ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی شوێنەوار بە هاوکاری توێژەران و شوێنەوارناسانی کوردستان شوێنەواری ئەو شار و قەلاْ و پردانە بدۆزنەوە و تۆماری بکەن لەژێر ڕۆشنایی ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەی هاوشێوەی تردا.

16. شوێنەواری ئەو شارانە و خانووەکانیان گرنگی خۆیان هەیە، لەم توێژینەوەیەدا پێشنیاری ساغکردنەوەی شوێنەواری بەررازان لە گوندی بەرازان لە دەشتی هەریر کە لەوانەیە شاری دەشت بێت. شاری خیبتون/تەل هەفتون هەروەك لەم دواییەدا پێشنیارکرا دەبێت شوێنەوارەکەی لە سنوری گوندی هاودیان بێت. بۆ ئەم مەبەستەش شوێنەواری دبۆرە لە ڕۆژهەلأتی هاودیان لەوانەیە شوێنەواری خوفتیان بێت.

17. پردی دەربەندە گەورە لەسەر ڕووباری زێ لەوانەیە پاشماوەکەی لە نزیك پردی قەندیل بێت لە نزیك بەنداوی بێخمە لە نێوان دەشتی هەریر و ناوچەی ئاکرێدا یان لە دەربەندی گەلی عەلی بەگدا یان پردەکەی لار زارگەلی. وەسفی پردەکە بەو وردەکارییانەوە بە کۆنترین وەسفی پردێکی کوردستان دادەنرێت. پردە سێ تاقییەکەی و مادەی دروستکردنەکەی و پێوانەکانی گرنگی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتنی شێوازی پردەکانی کوردستان کە شەش سەدە لەمەوبەر چۆن بوون، بەتایبەت بۆ پردێکی هەڵواسراوی لەو جۆرە.

18. گرنگی هەندێك لەو تۆمارانە ئەوەیە کە هاوسەردەم بوون و لە کاتێکدا سەردانی ئەو شار و قەلاْ و قوللە و پردانەیان کردووە کەە خەڵك و گەڕیدەکان خۆشیان بەکاریان هێناون و تێیدا ماونەتەوە. ئەمەش هەم بۆ مێژووەکەی و هەم بۆ ئەوکاتەی شوێنەوارەکە و بەراوردکردنی بە باری شوێنەوارەکە و باش مانەوەی یان تێکچوونی گرنگی خۆی دەبێت بۆ شوێنەوارناسان بۆ نۆژەنکردنە و دیاریکردنی مێژووەکەیان بە شێوەیەکی زانستی.

**لیستی سەرچاوەکان**

**.19 سەرچاوە کوردییەکان**

**ئەسفەهانی، عەبدولڕەزاق** 2009 ***گەشتنامەی ئەسفەهانی بۆ ناوچەکانی شنۆ و ورمێ و ڕەواندوز***، وەرگێڕانی بۆ ئەڵمانی: د. ماکسیمیلیان بنیتەر، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: زاهیر محەممەد ڕەشید، پێشەکی و پێداچوونەوە: مامۆستا جەعفەر, لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك), سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

**مارف، دڵشاد عزیز زاموا**، 2017،"جوگرافیای ناوچەی سۆران لە نووسینە مێخییەکاندا، ئاوهەوار، تۆپۆگرافیا، شاخ، رووبار و تاقگەکان، شار و شانشینەکان"***رواندز و پێگەیێکی ژیاری بە دەوڵەتبوون لە مێژووی کورددا***، پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی، 19-20 ئایاری 2016، رواندز، لا: 96-113.

**مارف، دڵشاد عزیز زاموا**، 2009،"وڵاتی کیرورری و دەربەندی کۆرێ،" ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دووەم، شوێنەوار و کەلەپوری هەولێر، بیروت: لا 676-679.

**مارف، دڵشاد عزیز زاموا**، 2005، "وڵاتی کیرورری،" گۆڤاری هەزارمێرد، ژ.26:

**مارف، دڵشاد عزیز زاموا**، و سلیمان، عبدالوهاب "***شوێنەوارەکانی گوندی بەرازان، توێژینەوەی مەیدانی***" توێژینەوەیەکی بلاّونەکراوەیە).

**هەنارەیی، عبدالخالق کێخوا جبار 2015**،***گوندی هەنارە***، بەرگی یەکەم، ب.ج, هەولێر.

**.20 سەرچاوە عەرەبییەکان**

**الإدريسي، الشريف**، كتاب نزهة المشتاق في ذكر الامصار و الاقطار و البلدان و الجزر و المضائق و الآفاق، ج1، مأخوذ من موقع الوراق:(http ://www.alwarraq.com)

**الامين، محمود**، "مسلتا طوبزاوة و كيلة شين" سومر، ج.8/1 : 53-71.

**الحموي، ياقوت**، للشيخ الامام شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموي الرومي البغدادي،1977***معجم البلدان***، دار صادر، بيروت.

**زادة، مطراقى**، نصوح بن عبدالله2003: رحلة مطراقى زادة/ لنصوح افندى السلاحي، ترجمة: صبحي ناظم توفيق, تحقيق: د.عماد عبدالسلام رؤوف، المجمع الثقافي-ابوظبي.

**القلقشندي، ابو العباس**، 1919 صبح الاعشا في صناعة الإنشا، ج.4. لة سايتي المكتبة الشاملة وةرطيراوة (http ://shamela.ws/browse.php/book-9429#page-2090)

**صفي الدين عبدالمؤمن بن عبدالحق البغدادي**،1992***مراصد الاطلاع على اسماء الامكنة و البقاع، و هو مختصر معجم البلدان لياقوت***، تحقيق و تعليق: علي محمد البجاوي،ج1، بيروت، دارالجيل.

نيبور، كارستن (2007):رحلة إلى شبه الجزيرة العربية و إلى بلاد أخرى مجاورة لها، ترجمة: عبير المنذر, ج2, الانتشار العربي، بيروت-لبنان.

## 21. فسەرچاوە بیانیەکان :

**Ainsworth, William** 1841 “An Account of a Visit to the Chaldeans, Inhabiting Central Kurdistán; And of an Ascent of the Peak of Rowándiz (Ṭúr Sheïkhíwá) in summer in 1840,” The Journal of the Royal Geographical Society of London, Vol. 11: 21-76.

**Ainsworth, William,** 1868 Report of A Journey from Bagdad to Constantinople via Kurdistan 1837 in Francis Rawdon Chesney (1868): Narrative of the Euphrates expedition carried on by order of the British government during the years 1835, 1836, and 1837, London, Longmans: 492-541.ف

**Arnold, T.W.,** 1934 Ushnu from. M. TH. Moustma, A.J. Wensinck and Others (Eds.) Encyclopaedia Of Islam Vol.4, Leyden. E., J Late Brill LTE, London LUZAC & Co.

**Boehmer, M. R., and Fenner, H.,** 1973 “Forschungen in und um Mudjesir (Irakisch-Kurdistan),” Archaeolgischer Anzeiger 88: 479-521.

**Boehmer, M. R.,** 1993-1997 “Musasir. B. Archaologisch,” RlA 8: 446-450.

**Cunningham. A.B.,** 1966 “The Early Correspondence of Richard Wood 1831-1841,” vol3, The Royal Historical Society, London.

**Perkins, J.,** 1851 “A Tour from Oroomiah to Mosul, through the Koordish Mountains, and a Visit to the Ruins of Nineveh,” Journal of the American Oriental Society, vol. 2: 69+71-119.

**Lanfranchi, G. B., and S. Parpola,** 1990 The Correspondence of Sargon II, Part II: Letters from the Northern and Northeastern Provinces, State Archives of Assyria V (SAA 5), Helsinki University Press.

**Lanfranchi, G. B.,** 1995 “Assyrian Geography and Neo-Assyrian Letters. The Location of Ḫubuškia Again,” In: Liverani, M., (ed.), Neo-Assyrian Geography, Roma: Università di Roma —La Sapienza Dipartimento di Scienze storiche, archaeologische e antropoliche dell‘Antichit Quaderni di Geografia Storica: 5:127-137.

**Lehmann-Haupt, C.F.,** 1910, Armenia then and now: Travel and research, Berlin: Behr.

**Lehmann-Haupt, C. F.,** 1926: Armenien einst und jetzt : Reisen und Forschungen von C.F. Lehmann-Haupt / C.F. Lehmann-Haupt. II Auf chaldischer und griechischer Spur im t rkischen Ostarmenien, in Nordassyrien und vom grossen Zab zum Schwarzen Meer., Berlin : B. Behrs Verl.

**Manners, Ian R., and Pinar Emiralioğlu, M.,** 2007 European cartographers and the Ottoman world, 1500-1750: maps from the collection of O.J. Sopranos, Chicago, Ill.: Oriental Institute Museum of the University of Chicago.

**Marf, DLshad, A.,** 2014 "The temple and the city of Musasir/Ardini: New aspects in the light of new Archaeological evidence" Subartu Journal VIII: 13-29.
**Marf, DLshad, A.,** 2015 "Re-identifying the city of Hiptunu town and the Andaruta mountain," Akkadica 136/2: 127-140.
**Marf, DLshad, A.,** 2016, "Back to the Land of Muṣaṣir/Ardini: Preliminary report on fieldwork (2005-2012)," In Kopanias, K., & MacGinnis, J., (eds.), The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions, Archaeopress, Archaeology Oxford: 189-200.
**McCoan ,James Carlile** 1879, Our new protectorate, Turkey in Asia: its geography, races, resources, and government, Chapman and Hall, London.
**Nolde, Eduard, Baron** 1895, Reise nach Innerarabien, Kurdistan und Armenien, 1892, Braunschweig : F. Vieweg.
**Pfeiffer ,Ida** 1850, A Women's Journey Round The World , London, Petter , Duff and Co. Second Edition.
**Radner, K.,** 2012 "Between A Rock And A Hard Place: Musasir, Kumme, Ukku And Šubria–The Buffer States Between Assyria And Urarṭu," In: Kroll, S., et al. (eds.), Biainili-Urartu: The Proceedings of the Symposium held in Munich 12-14 October 2007 (Acta Iranica 51), Leuven: Peeters: 243-264.
**Saggs, H. W. F.,** 1980 "The Land of Kirruri," Iraq XLII/1: 79-83.
**Thielmann, Max Guido Franz,** freiherr von 1875 Streifzüge im Kaukasus, in Persien und in der asiatischen Türkei. Duncker & Humblot, Leipzig.
**Thureau-Dangin, F.,** 1912 Une relation de la huitème campagne de Sargon (Texts cuneiforms du Louvre III= TCL III ), Paris.
**Wilson, Samuel Graham,** 1895 Persian life and customs, with scenes and incidents of residence and travel in the land of the lion and the sun, New York, Chicago [etc.] F. H. Revell company
**Zadok, R.,** 1978 "West Semitic toponyms in Assyrian and Babylonian sources,‖ In: Avishur," Y., & J. Blau (eds.), Studies in Bible and the Ancient Near East presented to Samuel E. Loewenstamm, Jerusalem: 163-176.ـة

**Proceedings of the 2nd International Scientific Conference**

# Archaeology and Heritage of Hawler-Erbil

May 8th & 9th, 2018

Archaeology Department – College of Arts

Salahaddin University – Erbil with cooperation of Governorate of Hawler

Edited by

Assist. Prof Dr. Zidan Bradosty
Chief of the conference

Dr. Dlshad A. Zamua
Secretary of the conference

Erbil

2018